# پێوەرەکانی نەو-وشەگەرایی لە ڕاگەیاندنی بینراودا

**تریفە عومەر ئەحمەد [1] ، عەتا عەلی کاکە حمە [2]**

[1] بەشی وەرگێران، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2] بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە -** نەو-وشەگەرایی، پەیوست بە ڕاگەیاندنەوە هەم وەك بەرهەمهێنەرو هەم بڵاوکەرەوەی نەو-وشەگەرایی بەشەزانستێکی نوێی زمانە، ڕۆڵی کارای لە بەرفراوانبوونی مەودای ئەم زانستەدا هەیە، بەجۆرێك لە دوای گەشەسەندنی تەکنیکی میدیایی و زیادبوونی کەناڵی میدیایی، پێویستیی هێنانەئارای نەو-وشە رووی لە زیادبوون کردووە، هەروەك لە هەرێمی کوردستان میدیای حیزبی و میدیای سێبەرو میدیای ئۆپۆزسیۆن بە هەردوو چەشنی بینراوو بیستراوەوە، کاریگەرییان لەسەر چەندێتی وشەی نوێ و چۆنێتی بەکارهێنانی هەبووە، بۆ نموونە چەندان فۆرم و واتای نوێی پەیوەست بە مارکەلێدانی حزبی، میدیایی، زانستی، تەکنەلۆجی، ئابووری، ئەدەبی، فۆرمی تایبەت بە توێژە کۆمەڵایەتییەکان، بەشێك بووە لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەرانی کورد، کە پێدەچێت لە داهاتوودا، بەهۆی دەروازەی فەرهەنگییەوە ببێتە یەکەیەکی تۆمارکراوی فەرهەنگی زمانی کوردی، یاخود بەپێچەوانەوە بەهۆی ناڕوونی دەروازەی فەرهەنگییەوە وشە نوێیەکە جێگیر نەبێت و نەبێتە یەکەیەکی تۆمارکراو. لەم توێژینەوەیەدا بایەخ بە جیاکردنەوەی پێوەرەکانی نەو-وشەگەرایی دراوە ، بەجۆرێك وەڵامی ئەو پرسیارە دراوەتەوە کە لەنێوان پێوەرەکانی فۆرمی کۆن و واتای نوێ، فۆرم و واتای نوێ، هەروەها زیادکردنێك بۆ وشەیەکی هەبوو، چ پێوەرێك بەبڕشتترە، ئەو پێوەرە دەرخەری ئاستی بیرکردنەوەو درککردنی ئاوەزمەندێتی ئاخێوەری کوردە لە بەرهەمداریێتی فەرهەنگییدا، وەڵامی ئەم پرسیارەش لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەستەبەرکراوە.

**کلیلە ووشەکان:** نەو-وشە، نەو-وشەگەرایی، فەرهەنگ، ڕاگەیاندنی بینراو، پێوەر.

## پێشەکی

نەو-وشەگەرایی، خواستێکی سروشتی ئاخێوەرانی زمانە، کە هەندێجار بە هۆکاری ناچاریی و هەندێکجاری دیکەش بە هۆکاری خواست و خولیا بۆ ئەفراندنی وشەی نوێ و زیادکردنی هاوواتای بەشەکی دێتەئاراوە، هەروەك شاعیرو ئەدەبدۆستان بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی نوێ خولیایەکی ئەندێشەییان بۆ هێنانەئارای فۆرم و واتای نوێ لە زماندا هەیە، بەدەرلەمە نەو-وشەگەرایی بۆ خواستی ڕاگەیاندنکاران دەگەڕێتەوە، کە بەپێی ژانرە میدیاییەکان و پێویستی دارشتنی میدیایی و هۆکاری ئایدۆلۆجی و ستراتیژی و هۆکاری سەردەمی، نەو-وشە بەرهەمدەهێنن. ئەم توێژینەوەیە (پێوەرەکانی نەو-وشەگەرایی لە ڕاگەیاندنی بینراودا)، تایبەتە بە خستنەڕووی پێوەر و بنەماکانی نەو-وشەگەرایی لە زمانی کوردیدا، بەجۆرێك لە بەشی یەکەمدا جگەلە ناساندنی چەمکی نەو-وشەگەرایی و خەسڵەتی فەرهەنگی، جەخت لە چۆنێتی دیاریکردنی پێوەرەکان کراوەتەوە، لە بەشی دووەمیشدا پەیوەست بە بەشی یەکەمەوە داتایەك لە ڕێژەی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لەڕێگەی ڕاگەیاندنە کوردییەکانەوە خراوەتەڕوو، بەپێی ئەو داتایەش ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لە نواندنی جیاوازیی بەرهەمدارێتی نەو-وشە بەگوێرەی پێوەرە جیاوازییەکان بەرجەستەکراوە، لە کۆتایشدا توێژەر بەو ئەنجامە گەشتووە، کە کۆزانینی دنیایی دەرەوەی کورد پەیکاڵ بە کۆزانینی زمانی کوردی بەپێی پێوەری فۆرم و واتای نوێی نەو-وشەگەرایی، بووەتە بەشێك، لە ئاوەزمەندێتی ئاخێوەرانی کورد. ئەم ئەنجامەش بەپێی میتۆدی پەسنی-شیکاری و میتۆدی ئاماری دەستەبەر کراوە.

## 1) نەو-وشەگەرایی وەك یەکەیەکی فەرهەنگی

### 1/1) فەرهەنگ

فەرهەنگ Lexicon(1)، لە مەودای زانستی زماندا بەو بنەمایە ناسراوە، کە هەڵگری کۆزانیارییە زمانییەکانی وەك فۆنۆلۆژی، سینتاکسی و سیمانتیکییە، بەهۆیەوە ئاخێوەر دەتوانێت پرۆژەی ڕستەی پێ سازبکات، پەیوەست بەمە چۆمسکی لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا فەرهەنگ وا دەناسێنێت، کە بنەمایە بۆ ئاستی قوڵ، لە پڕکردنەوەی جێکەوتەکانیدا پشتپێدەبەستێت و ڕۆڵی بابەتییانە بە کەرەستە سینتاکسییەکان دەدات. بەپێی ئەم تیۆرییە فەرهەنگ و وشەنامە لە ژمارەیەك یەکەی فەرهەنگی پێکهاتوون، کە ئەمانیش بریتین لە مۆرفیمە سەرەکییەکان و هەڵگری زانیاریی فۆنەتیکی و واتایین، سەرەڕای ئەمەش فەرهەنگ هەڵگری ئەو زانیارییانەیە، کە بۆ یاسا ڕێزمانییەکان پێویستن، بۆیە فەرهەنگ هەڵگری زانیاریی سینتاکسی و واتاییە و وادەکات ئاخێوەرانی زمان دروستەی ڕاست و واتاڕاست و پێچەوانەکەی لێکجودابکەنەوە(**محەمەد مەجید،2015: 7**).

فەرهەنگی ئاوەزی، بەشە-بوارێکی زانستی زمانی دەروونییە، کە لە یادگەی هەمیشەیی ئاخێوەردا جەخت لە ڕێکخراوێتی کۆزانیاریی وشە دەکاتەوە، بەپێی (کارۆل) تایبەتمەندێتی فەرهەنگی ئاوەزیی، تەنیا ئەوە ناگرێتەوە، کە وشەکان چۆن

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 8، العدد 4(2022) ؛ عدد الصفحات (14)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v8n4y2022.pp89-102
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 19 أيار 2022؛ قُبل في 23 حزيران 2022؛ نُشرت في 19 تشرين آلأول 2022؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : ataalikaka@gmail.com, trifa.ahmed@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2022 تریفە عومەر ئەحمەد، عەتا عەلی کاکە حمە. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

لەیادگەدا گەنجەکرێن، بەڵکو ئەوەش دەگرێتەوە کە چۆن لە ماوەی قسەکردن یان نووسیندا دەستدەکەونەوە(**Carroll, 2000, 102-130**)، بۆیە یەکەیەکی فەرهەنگی وەك یەکەیەکی سایکۆلۆجی پەسندەکرێت.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە بەرهەمهێنانی وشە، بەدەستهێنانەوەی سێ جۆر لە زانیارییە، سەرەتا قسەکەر پێویستە شتەکانی دونیای دەرەوەو پەیوەندیدارێتی نواندنی شتەکان بناسێتەوە، ئەمە بە کۆزانیاریی چەمکیی قسەکەر دەنەخشێنرێت و بەهۆیەوە شتەکە دەناسرێتەوە، گەڕانەوەی وشەکان بۆ بەگەڕخستنی چەمکەکان لە زمانێکی دیاریکراودا، پێویستە بە تەواویی زانیارییەکانەوە دەستبکەوێتەوە، بەوەی کە چۆن لە رستەیەکدا بەکاردەهێنرێن، هەروەها چۆن فۆرمی فۆنۆلۆجیان دەردەبڕێت، بەدەستهێنانەوەی ئەم جۆرە هەمەچەشنانەی زانیاری، ئاسانە و بەڕوونی رێکخراوە، لەکاتی گونجاودا بەشێوەی یەکلەدوایەك لە چەمکەوە بۆ فۆرمی فۆنۆلۆجی دەگۆڕێت، کە ئەمەش ئەدگاری بەرهەمهێنانە.

بەمشێوەیە زانیاریی چەمکی پەیوەستە بە هەڵگواستنی سیمانتیکییەوە، مەبەستیش لە پرۆسەی بەدەسهێنانەوەی وشەی فەرهەنگی بەهۆی نواندنی فەرهەنگییەوە، بەدەسهێنانەوەی واتایەکی دیاریکراوە لە وشە مەبەستدارەکەدا، نەك لە فۆرمە فۆنۆلۆجییەکەیدا، لەم قۆناغەدا زانیارییە سینتاکسییەکە دەستدەکەوێتەوە، ماوەی دووەم هەنگاوی بەدەستهێنانەوەی هەڵگواستنی فۆنۆلۆجییە، زانیاریی فۆرمە-وشەی فۆنۆلۆجی بەدەستدەهێنرێتەوەو بۆ درکاندن ئامادەدەکرێت، بەمپێیە بەدەسهێنانەوەی وشەیەك بۆ درکاندن لە کردەی قسەکردن یان نووسیندا پێویستی بە چوار جۆر زانیارییە: چەمك، وشەی سیمانتیکی، سینتاکسی و فۆنۆلۆجی( **Vigliocco & Hartsuiker,2005:209-228**).

فەرهەنگی ئاوەزیی چەمکێکی ئەبستراکتییە، کە روون و ئاشکرا لە وشەنامە جیادەکرێتەوە، بەپێی بۆچوونی (گیو) فەرهەنگی ئاوەزی أ. بە پێچەوانەی وشەنامەی ستانداردەوە بەپێی ئەلفبێ رێکنەخراوە، ب. وشەنامە لە ژمارەیەکی دیاریکراو لە وشە پێکهاتووە، بەپێچەوانەوە فەرهەنگی ئاوەزی دەتوانێت بەبەردەوامی وشە ئاشکراو نائاشکراکان بگرێتەخۆ، هەروەها لەگەڵ گۆڕینی واتاو گۆکردنەکانیان، پ. وشەکان لە وشەنامەدا لیستێکی تاکوتەران، بەڵام وشەکان لە فەرهەنگی ئاوەزیدا بەپێی خەسڵەتە هەمەچەشنەکان و پەیوەندارێتیان بریتین لە کۆمەڵەیەکی پەیوەستدار، گرنگترینیشیان ت. فەرهەنگی ئاوەزی بەراورد بە وشەنامەی ستاندارد بەشێوەیەکی جەوهەری زانیاریی زۆرتری تێدایە، هەروەك خەسڵەتی بەستنەوەی وشەیەك بە وشەکانی ترەوە، ناسینی، گۆکردنی، لەبەرئەوە فەرهەنگی ئاوەزی سرك و ئاڵۆزترە.

لێرەدا پرسیاری پەیوەست بە توێژینەوەکە، نەو-وشەیە وەك یەکەیەکی فەرهەنگی، بەجۆرێك ئایا نەو-وشە/ وشەی نوێ لە زماندا تاکو نەبێتە یەکەیەکی فەرهەنگی و خاوەن دەروازەی زانیاریی و بەدەستهێنانەوە زانیارییەکە، جێگیردەبێت؟ کەواتە نەو-وشەگەرایی چییە؟

## ٢/١) چەمك و زاراوەی نەو-وشەگەرایی

نەو-وشەگەرایی/ Neologism وەك زانستێکی نوێ بەدەر نییە لەو پەیوەستبوونەی لەنێوان ئاستەکانی زماندا هەیە، بەو واتایەی کاتێك وشەیەك دەبێتە یەکەیەکی فەرهەنگی، ئەوا لە هەمانکات هەڵگری تایبەتمەندیی فۆنۆلۆژی و سینتاکسی و واتاییە، چەسپاندنی ئەم تایبەتمەندییانەش فۆرم و واتا نوێکە دەکاتە لێکسیمێکی فەرهەنگی.
نەو-وشەگەرایی کە لە زاراوەی لاتینی نیولۆجیزم- Neologism ەوە وەرگیراوە، بەکارهێنانی بۆ ساڵی ١٧٧٢ز دەگەڕێتەوە، لە دوو وشەی لاتینی پێکهاتووە، بەجۆرێك neo بە واتای نوێ و Logos بە واتای وشە هاتووە، دواتر بووەتە بەشێك لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی و لە ساڵی ٢٠١٥ دا ئۆکسفۆرد، واتای Neologism بە وشە یان گوزارشت یان واتای نوێ تۆمارکردووە( **Rahma Abd-Alrahman, 2016: 11**).

لە زانستی زمانی نوێیاویشدا، وشەکە وەك زاراوەیەك بۆ ناونان لەو زانستە وەرگیراوە، کە هەموو وشە نوێ و وەرگێڕاوەکان دەگرێتەوە.( **سەرچاوەی پێشوو**)

داڕشتنی زاراوەکە <نەو-وشەگەرایی> لە زمانی کوردیدا، بە رێبازی وەرگێڕان دەقاودەق وەرگیراوە، زیادکردنی پاشگری – گەرایی- بۆ زاراوەکە، بەمەبەستی خواستە بۆ هێنانەئارای وشەی نوێ، چونکە بە بۆچوونی توێژەر بوونی (خواست) لە تاکدا، گرنگترین هۆکاری بەرهەمهێنانی وشەی نوێیە.

سەرەتای ئەم زانستە بۆ زمان ناگەڕێتەوە، بەڵکو وەك چەشنێك لە زمان لە فەلسەفەدا سەریهەڵداوە، ڕەگ و ناوەڕۆکیشی وەك وشە لە زماندا هەر هەبووە، چونکە سەرەتای دیاریکردنی هاتنەئارای وشە ئاسان نییە. نەو-وشەگەرایی بە ئەو وشانە دەوترێت، کە ئاخێوەرانی زمانێك پێشئەوەی بچێتە فەرهەنگی زمانەکەوە بەکاریدەهێنن، یاخود بەجۆرێکی دیکە ببێت بە بەشێك لە فەرهەنگی تۆمارکراوی زمانەکە.

بە گشتی توێژینەوە لەم بەشە زانستە، لەلایەن زمانەوانانی ئینگلیزەوە ئەنجامدراوە، لەم نێوەندەدا (نیومارك) لە توێژینەوەیەکیدا نەو-وشەگەرایی بەو وشانە پەسندەکات، کە بەکارهێنانێکی نوێیان لە زماندا هەیە، بەجۆرێك یان أ. ئەو وشانە پێشتر وەك فۆرم و واتا لە زمانەکەدا نەبوون، - فۆرمێکی نوێ کە هاوکات هەڵگری واتای نوێ بێت، هەروەك لەسکەدانێکی نوێ، دروستکردنی وشە وەك ئاوێتە، کورتکردنەوە، یان ب. پێشتر لە فەرهەنگی زماندا هەبوون، بەڵام واتایەکی نوێیان لە بەکارهێناندا بۆ دروستدەبێت، کە جیاوازە لە واتای پێشووتریان - هەبوونی ئایتمێکی لێکسیکی بەهۆی چەمکێکی نوێوە، واتە فۆرمێك کە دەبێتە هەڵگری چەمکێکی نوێ، ئەمەش لە چێوەی (وشە و کۆمەڵەوشە)دا دەبینرێت-، بۆیە لای نیومارك چەشنی (ب)اش بە نەو-وشەگەرایی ئەژماردەکرێت(**Newmark,, 1988, 36-48**)، هەر لە تەك ئەمە (نیومارك) هەروەها (چۆی Choi) وەها پێناسەی نەو-وشەگەرایی دەکات، کە سەرجەم ئەو وشەو فرێزانە دەگرێتەوە لەڕووی بەکارهێنانەوە باون، یاخود بەشێوەیەکی باو لە قسەکردندا بەکاردەهێنرێت، بەڵام بەشێك نین لە وشەنامە( **Choi, J. 2006, 189**). لەلایەکی تریشەوە (ڕەی Rey)، پێیوایە نەو-وشەگەرایی یەکەیەکی فەرهەنگییە-lexicon، ئەو توخم یان فرێزانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندییەکی واتایی لەنێوان هێماو هێمابۆکراوەکەیدا هەیە، بەجۆرێك پێشتر یەکەیەکی بەرجەستەنەبووە، بەڵکو بەپێی قۆناغەکان وەك یەکەیەکی زمانی دەرکەوتووە (**Rey, 1995, 77**).

ئەوڕەحمانی حاجی مارف نەو-وشەگەرایی بە وشەی نوێیاو ئاماژەی بۆدەکات و بەسودوەرگرتن لەو پێناسانەی پێشتر بۆی کراوە، پێیوایە ئەو وشانەن، بۆ واتایەکی دیاریکراوی یەکەیەکی زمانی بەکاردەهێنرێن، کە تازە هاتوونەتە نێو زمان و هێشتا نەچوونەتە ڕیزی وشە چالاکەکانی ئەو زمانەوە. بەڕای ئەم زمانەوانە وشە نوێیاوەکان ڕاستەوخۆ ناچنە فەرهەنگی زمانەوە، بەڵکو پێویستە ڕەگوڕیشە پەیدابکەن و مۆرکی کۆمەڵگا زمانییەکەیان لێبدرێت، ئەمەش لەڕێگەی یاسازمانییەکانەوە ئەکرێت لەوانەش: أ. یاسا فۆنەتیکییەکانی زمان، واتا هەر وشەیەکی نوێ یان داهێنراو لە زماندا پێویستە بکەوێتە ژێرکاریگەریی فۆناتاکتیکی زمانەکەوە، ب. یاسا مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی زمانی پاراستبێت و لەو چوارچێوانە بەدەرنەبێت. لەپاشدا ئاخێوەرانی زمان وردەوردە مۆرکی نوێیاوی بە وشە و لێکسمەکانەوە ناهێڵن و لە زمانەکەدا جێگیریاندەکەن، کە ئەمەش یەکانگیرە لەگەڵ بەرهەمهێنانی سایکۆلۆجی وشە کە پێشتر خرایەڕوو.

لای زمانەوانە عەرەبەکانیش نەو-وشەگەرایي هەڵهێنجان یان نوێکردنەوەی وەزن و وشە نوێیەکانە، کە بنچینەیان عەرەبییە، ئەمیش یان أ. لەڕێگەی پێوانەوە/ ئەنالۆژیا لەگەڵ وشەی عەرەبیدا بەرانبەرکراون و زۆرینەیان پەیوەستن بە یاسا ڕێزمانییەکان و جۆرەکانی داتاشینی وشە لەزمانی عەرەبیدا، یان ب. شێوە جیاوازەکانی وشە کە یەکلەدواییەك دێن و گەشەکردنیان ڕەچاودەکرێت، یاخود ت. گەڕان بەدوای ئەو لقانەی کە بەراورد بە یاسا بنچینەییەکان گۆڕاون (**إبراهيم محمد أنبب، ٢٠٠٥، ١٠٣**).

بەگشتی سەرجەم پێناسەکانی نەو-وشەگەرایي لە زمانە جیاوازەکاندا بە هەبوونی بیرۆکەی (نوێ)وە دەبەسترێتەوە، ئەم بیرۆکە نوێیانەش لە چێوەی فۆرم و واتادا لە فەرهەنگی زماندا کارادەکرێن، بەو مانایەی نەو-وشە لە زمانێکی دیاریکراودا یەکەیەکی نوێیە و خاوەن تایبەتمەندێتی کۆدە، بەمپێیەش سروشتێکی فەرهەنگی هەیە. لەم ڕوانگەیەشەوە (کابرێ Cabre) پێیوایە نەو-وشەگەرایي ئەو یەکانەن، کاتێك بە کۆزانیارییەکانییەوە دەناسرێن، کە لەماوەیەکی دیاریکراودا و لە دەوروبەرو ڕوانگەیەکی لۆژیکییەوە دەردەکەون(**Cabre , 2015 : 133-134**).

بۆلانگەرBoulanger یش پەیوەندیي نەو-وشەگەرایي و کات بە بابەتێکی کێشەدار باسدەکات، بەجۆرێك (کات) لەڕوانگەی دەرونناسیەوە، هۆکارو خاڵێکی گرنگی گەشەکردنی یاسای شت/ بابەتەکانە، لەمەشەوە درك بە گرنگیي بۆچوونی چەسپاندنی بەهای نەو-وشەگەرایي دەکات، ئەم دیدەش بۆ نەو-وشە جۆرێك لە نێواندژی/ پارادۆکسی هەڵدەگرێت، بەو واتایەی ئەو وشە نوێیەی بەرهەمدەهێنرێت هەم دەکرێت زۆرترین خۆگونجاندنی تێدابێت، هەمیش دەکرێت بەخێرایي لەناوبچێت، ئەم پارادۆکسیەتە لەڕووی کاتەوە ئەگەری مامەڵەکردنە لەگەڵ نەو-وشەگەرایي(**Boulanger, 2010 : 42**)، بە گوزارشتێکی دیکە مەبەست لە پەیوەندارێتی نەو-وشە بە (کات)ەوە، ئەو کاتەیە کە یەکە زمانییە نوێیەکان گەشەی تێدادەکەن و لە فەرهەنگی زمانی نەتەوەیەکدا هەوڵی خۆچەسپاندن دەدەن.

لێرەدا بیرۆکەی هۆکاری (کات و زۆر نوێی/ نوێترین)، پێوەرێکی زنجیرەیي ناساندنی نەو-وشەگەراییە، لەمەشدا چوار پارامیتەر وەك مەرجی نەو-وشە لەلایەن کابرێوە بۆ ئەم زنجیرەیە دانراوە، هەروەك: ا. مێژووی دەرکەوتنی وشەکە لە فەرهەنگدا، واتە فەرهەنگی ئاوەزیي، ئەم بنەمایە بۆ چۆنییەتی دەرکەوتن و سەرچاوەی پێویستیي دەرکەوتنی یەکەی نەو-وشەگەرایي کەڵکی لێدەبینرێت، ب. بەدەرێتی لە وشەنامەدا، هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا، سەرەتا لە وشەنامەدا تۆمارناکرێت تا لەفەرهەنگی ئاوەزیي ئاخێوەرانی زماندا جێی خۆی نەکاتەوە و نەبێتە یەکەیەکی سایکۆلۆجی، پ. ناجێگیرێتی شێوازبەندیي سیمانتیکی، سیمایەکی ئاشکرای نەو-وشەگەرایي ناجێگیری سیمانتیکی و تەنانەت ناجێگیریشە لە فۆرمدا، کە دەکرێت لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەوە پەسەندبکرێن، یان گۆڕانکاری بەسەردابێنن، یاخود دەکرێت هەر لەناویشبچێت، هەروەها ج. پەیپێبردنی ئاخێوەر بە توخمی نوێگەری، ڕادەی پەیبردن و دنیابینی ئاخێوەران بڕیاردەری سەرهەڵدانی نەو-وشەگەرایي و گەشەی یەکە فەرهەنگییەکانن.

(کابرێ و هاوڕێکانی) لە گفتوگۆکانیاندا دەربارەی پێوەرەکانی نەو-وشەگەرایي، بەشێوەیەکی ڕێژەیي بەهانەیان بۆ ئەم چەمکە هێناوەتەوە، بەجۆرێك حەقیقەتی ناسینی (نوێیي) لەنێو خودی وشەکاندا نین، بەڵکو تەنها ئاماژەن بۆ شتێکی تر، لەبەرئەوە بە بۆچوونی ناوبراو کاتێك زمانەوان قسە لەسەر نەو-وشەگەرایي یان وشەی نوێ دەکەن، پێویستە ئەو پێناسەیە دیاریبکەن کە کامە یەکەی فەرهەنگیي نوێ دەبێت و بە چ کۆدێکەوە پەیوەستە. بۆ ئەمەش پێویستە هۆکارو کاری میتۆدی هەبێت، لێرەشدا یەکێك لە میتۆدو پێوەرەکان بۆ چەسپاندنی نوێبوونی وشەیەك بەشێوەیەکی ورد بریتییەلە بژاردەی (پێوەری لێکسیکۆگرافی). بۆیە هەر لەم ڕوانگەیەوە (کابرێ) لەسەر بنەمای چوار پێوەر پێناسەی نەو-وشەگەرایي دەکات هەروەك پێوەری سایکۆلۆجی، لێکسیکۆگرافی، مێژوویي و جێگیرێتی واتایي، کە ئەو پێوەرەی وشە بەرهەمهاتووەکە پشتی پێدەبەستێت بریتییەلە ناجێگیریي واتایي، ئەوەش ڕووندەکاتەوە، کە ئەم پێوەرانە بەتەنها ناتوانن کاربکەن، بەڵکو هەرچوارییان پێکەوە پێناسەیەك بۆ نەو-وشەگەرایيی پێشکەشدەکەن، هەروەك لە خوارەوە پێشینەیەك لە زانیاری دەربارەیان دەخەینەڕوو:

- **پێوەری سایکۆلۆجی:** بەپێی ئەم پێوەرە نەو-وشەگەرایي وشەی نوێی یەکەی فەرهەنگیین، کە ئامانج لێی دروستکردن و بەرهەمهێنانی وشەی نوێترە لە زماندا، لەمبارەیەوە پلاگ-plag ٢٠٠٥ پێیوایە نەو-وشە گوزارشتێکی بنیاتنراوی نوێیە، کە لەلایەن بەشێکی کۆمەڵی زمانییەوە دەناسێنرێت. کابرێش ١٩٩٩ پێوەری سایکۆلۆجی بەشێوەیەکی تیۆری دەخاتەڕوو، لای ناوبراو نەو-وشەگەرایي دەکرێت چەمکەکەی لە کۆمەڵگا زمانییەکاندا هەبێت، بە واتای گریمانەکردنی وشەیەك لە فەرهەنگێکی نوێدا بەراورد بە وشەیەك لە فەرهەنگێکی کۆندا، دەبینرێت هەندێك وشە لە هەندێکی دیکە کۆنترە، بەڵام مێژوویەك بۆ نوێبوونی وشەکان بوونی نییە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی فەرهەنگێکی تایبەت بە دیاریکردنی کۆن و نوێیي وشەکان نییە.
- **پێوەری لێکسیکۆگرافی:** سەرچاوەی لیستی وشەکان لەزماندا ڕووندەکاتەوە، لەڕێگەی یەکەکانی وشەنامە و فەرهەنگەوە lexicon، بۆیە دەکرێت پێناسەی نەو-وشەگەرایي بەشێوەیەك بکرێت، کە ئەگەر وشەکان لە وشەنامەدا تۆمارنەکرابوون ئەوا بە نەو-وشەگەرایي دادەنرێن.
- پێوەری مێژوویي: پەیوەندیي ڕاستەوخۆی نێوان چەمك و پێناسەی نەو-وشەگەرایي، کەموکورتیي پێناسەی لایەنی لێکسیکۆگرافیي نەو-وشەگەرایي بەرجەستەدەکات، وەك پێشتر لای کابرێ ئاماژەمان بۆکرد، پێوەری کات هۆکارێکی سەرەکییە لە پێناسەی نەو-وشەگەراییدا، بەجۆرێك هەرشێوەیەکی نوێ لە شێوەکانی وشە، کە تازە لە زماندا بەرهەمهاتووە، بەهۆی نوێبوونیانەوە بەشێك نییە لە فەرهەنگی زمان. لێرەدا ئاڵەنگارییەکی پێناسەی لایەنی مێژوویي ئەوەیە، کە پێوەری مێژوو، وشە نوێیەکان و ئەو وشانەش ناخاتەڕوو کە بەشێکن لە زمان، لەبەرئەوە وشەنامەکان بۆ دیاریکردنی چەمکی نەو-وشەگەرایي ئامێرێکی گونجاو نیین. بۆیە پێوەری مێژوییبوون بە بڕبڕەی پشتی پێناسەی لێکسیکۆگرافی دادەنرێت. هەروەها ئەو وشانەش، کە لە وشەنامەکاندا نواندنیان نییە، بەو هۆکارەی ئەم وشانە نوێن، وەك کابرێ ١٩٩٩ ئاماژەی بۆ کردووە، دەکرێت بە نەو-وشە ناوزەدبکرێت، پێشیوایە باشترین ڕێگا بۆ پێناسەکردنی نەو-وشەگەرایي پرۆگرامی تێکەڵکردن/ تەواوکارییە، بەجۆرێك ئاماژە بەهەموو پێوەرەکان بکات، ڕێککەوتنێك بۆ بەرهەمهێنانێکی تایبەت لە فۆرم و واتای نەو-وشەدا بێتەئاراوە، ئەو بەرهەمهێنانەش بۆ سێ ڕێگا دەگەڕێتەوە، ئەمەش بووە بنەمایەك تا (ڕەی و کابرێ) پۆلێنی ڕیزبەندیي نەو-وشەگەرایي بکەن بەسێ بەشەوە، هەروەك؛ أ. نەو-وشەگەرایي گونجاو، ب. ساختە لە نەو-وشەگەراییدا، پ. نەو-وشەگەرایي واتایي. نەو-وشەگەرایي گونجاو ئاماژە بەو یەکانە دەکات، کە بەتەواوی نوێن و هەڵگری واتای نوێن. نەو-وشەگەرایي ساختەش ئەو هەستە نوێیانە دەگرێتەوە، کە لەگەڵ واتا کۆنەکاندا هاوتادەکرێن و واتا کۆن و نوێیەکەش هەمان شت دەگرنەوە. واتای نوێ ئاماژەیە بە گۆڕانی واتایي بەهۆی واتا کۆنەکانی یەکەکانەوە، کە بەتەواوی دەگۆڕێت بە واتایەکی نوێ، کە لەلایەن کۆمەڵێکی بەرفراوانی بەکارهێنەرانی زمانەوە ڕەچاودەکرێن و لێی بەئاگان،

هەروەك نیومارك (وشەی (هەبوو)ن و هەڵگری واتای نوێن، وشە هەڵگوازراوەکان، بابەت و بەرهەمە نوێیەکان، لێکدان، ناوەکان، کورتکراوە، وشە فرێزییەکان، وشە گوازراوەکان و سەروشەکان، بە نەو-وشەگەرایی ساختە ناودەبات). **(Saja Abdul, 2019, 702)**

بەدەرلەو هۆکارانەی لەسەرەوە باسکرا، هەردوو هۆکاری (چەندجارێتی بەکارهێنان و تەشەنەکردنی پراگماتیکی کۆمەڵایەتی)یش، بە هۆکاری هێنانەئارای نەو-وشە دانراوە، لەسەر بنەمای ئەمەش Kerremans بەمشێوەیە پێناسەی نەو-وشەگەرایی دەکات: دوانەی فۆرم و واتا (یەکێك لە سێ پێکهاتەی ئەگەرییە)، بۆ نموونە یەکە فەرهەنگییەکان، لە بەکارهێناندا بەرجەستەدەبن و بەدەرلەمە فۆرمیان نییە، بەڵام بەشێوەیەکی چەندجارەیی روونادات، هەروەها بەتەواوی لە زەمەنێکی دیاریکراودا تەشەنەناکات، تاکو ببێتە بەشێك و پارچەیەك لە فەرهەنگی ئاخاوتنی کۆمەڵ و بەرفراوانی ئەندامەکانی.

بەگشتی بەپشتبەستن بەو پێناسانەی دەربارەی نەو-وشەگەرایی خراوەنەتەڕوو، دەکرێت چییەتی و چۆنێتی پێناسەکان بۆ سێ خاڵ پۆلبکرێن:

1. گشتی: واتە بەگشتی لەنێو پێناسەکاندا ئاماژە بە شێوازبەندی یان سیمانتکی نەو-وشەگەرایی دراوە.
2. ئاشکرایی: لەنێو پێناسەکاندا گرنگی بە فۆرم دراوە، بۆیە ئەم خاڵە لەسەر پێوەری لیکسیکۆگرافی بنەمادەکرێت، لێرەدا فۆرم یان بەکارهێنانی فۆرم لە فەرهەنگی گشتیدا تۆمارناکرێت.
3. کات: واتە پشتبەستن بە پێوەری بەکارهێنانی فۆرم و واتاکە بەهۆی ماوەیەکی دیاریکراوەوە.

پەیوەست بە پێوەری لێکسیکۆگرافییەوە Sablayrolles جەختی لەوە کردەوە، کە نەو-وشە دەکەوێتە ژێر رکێفی پێڕەوکردنی نووسینی فەرهەنگی دەقە نووسراوەکانی نووسەرێك، یان شاعێرێك، ئەمەش بابەتێك دەبێت لە پێوەرەکانی پەیپێبردن و رەنگدانەوەی زانیاریی چەمکی بەرفراوان و رێژەداریی نەووشەگەرایی، کە دواتر بە نەو-وشەگەرایی پلەداریی ناویلێنا. لەمەشەوە هەندێك لە زمانەوانان، جگەلە هۆکاری چەندجارەبوونەوەو نوێبوون، بۆ چەسپاندنی وشەی نوێ، یەکێك لە هۆکارەکانی دیکە بە بوونی پلەبەندییەکی دیاریکراو  لە نامۆیی دیاریکرا، بەجۆرێك ئەم پلەبەندی نامۆییە هێزێکە، کە یاسای دروستکردنی وشە فەراهەمدەکات.

## ٣/١) بوارەکانی نەو-وشەگەرایی

نەو-وشەگەرایی لە بواری جیاوازدا بەکاردەهێنرێت، بەگوێرەی جیاوازیی ئەو بوارانەی، کە بۆ یەکەمجار وشە نوێیەکەی تیا بەکارهاتووە. لەمڕووەوە بەکورتی ئاماژە بە بوارە جیاوازەکانی نەو-وشەگەرایی دەدەین:

***بواری زانستی/*** نەو-وشە گەرایی زانستی ئەو وشە و دەستەواژانە دەگرێتەوە، کە بۆ داهێنراوێکی زانستی دادەنرێت، هەروەها رۆڵی وەرگێڕ لە خەیاڵی زانستییدا ئاڵۆزتر دەبێت بەهۆی ئەوەی پێویستە نێوەندگیری لەنێوان کلتورەکاندا بکات، بەڵام پێویستیشە ناوێك بۆ شتێك دابڕێژێت کە پێشتر نەبووە، تەنانەت لە کەلتوری سەرچاوەکەشدا.

لە زمانی کوردیدا بەهۆی کەمی توێژینەوە لە زانستە پەتییەکان بە زمانی دایك وەهایکردووە زمانی کوردی لەم بوارە زانستییەدا بەبڕشت نەبێت، بۆیە کاتێك پسپۆران بۆ ئەم بوارە لە هەوڵی هێنانەئارای وشەی نوێدا دەبن، ئەوا بە رێگەی مۆرفۆلۆجی یان واتایی یاخود وەرگرتن و وەرگێڕان، وشەی نوێ بۆ بوارەکە زیاددەکەن، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی space  وەك زاراوەیەك لە بواری فیزیکزانیدا هەمبەر بە واتای (بۆشایی) نییە، بۆ ئەمەش پێویستە پسپۆرانی بواری فیزیکزانی وشەیەکی نوێ بۆ گەیاندنی چەمکی سپەیس بە یەکێك لە پێوەرەکانی نەو-وشەگەرایی بهێننەئاراوە، بەم هۆیەشەوە کەلێنی فەرهەنگی ئەو بوارە چارەسەربکرێت.

ئەو دیاردانەی رۆژانە لەنێو کۆمەڵگادا دەردەکەون، یاخود کۆمەڵگا دوچاریدەبێتەوە، پەیوەستەگییەکی ناچارییان لەگەڵ زماندا دەبێت، بەجۆرێك بۆ پەیوەندیکردنی قسەپێکەرانی ئەو کۆمەڵگایە پێویست بە کۆدکردنی ئەو بابەتە نوێیانە دەکات، هەروەك بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا چەندین زاراوەی نوێی وەك: (کۆڤید ١٩، کەرەنتینە، ڤاریز، ڤاکسین، پێکوتە،...) بەدوای خۆیدا هێنا.

***بواری رامیاری/*** ئەو وشە و لێکسیم و دەستەواژانە دەگرێتەوە، کە لە بواری رامیاریدا بەکاردەهێنرێت. ئەمەش بەپێی گریمانەی ساپیر- ورف Sapir-whorf-Hypothesis کە دواتر بووە تیۆرییەکی رێژەیی زمان، دەرخەری مەودای زمانی دایکە و ڕادەی ئەزمون و پۆلێنکردنی ئاخێوەرانی ئەو زمانە دەخاتەڕوو، چونکە بەپێی بۆچونی ساپیر مرۆڤ نەبەتەنها لەجیهانێکی واقعیدا دەژی، نە بەتەنهاش چالاکی و ئەزمونەکانی جیهانی کۆمەڵایەتی دەبێتە بنەمای تێگەیشتن، بەڵکو مرۆڤ لەژێر ڕەحمەتی ئەو زمانەدایە، کە بۆ گوزارشتکردن و پەیوەندیکردن بەکاریدەهێنێت(**sapir, 1949, p. 209**)، هاوکات ورف باس لەو بەڵگە زمانییانە دەکات، کە ڕاستی و ڕاستەقینەی درکپێکردنی مرۆڤ پێکدەهێنێت، هەروەك بەشێوەیەکی ئەزمونگەرایی لە زمانی هۆپییەکاندا دەیخاتەڕوو(**Whorf, 1974, 77**). لێرەدا پلەبەندیی نەو-وشەگەرایی پەیوەستە بە باری کەلتورو پێکداچوونی کەلتوریی لە هێنانەئارای وشەی نوێ وەك توخمێکی نامۆ لەسەر زاری بەکارهێنەران، ئەم نامۆبوونەش وەك یەکەیەکی سایکۆلۆجی پەیوەستە بە ناڕوونی وشەکەوە. هەروەك لە دوای راپەڕین و دروستبوونی چەندین رەوتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بووەهۆی هێنانەئارای چەندین وشەی نوێ، کە نامۆییانە بڵاوبوونەوەو دوای تەشەنەکردنی و جێگیربوونی وەك یەکەیەکی سایکۆلۆجی، بووەتە بەکارهێنانێکی باوی بەکارهێنەران، بڕوانە وشەکانی (زۆنی سەوز، زۆرنی زەرد، زۆنی نیللی، بازنە، هەڵسوڕاو، مەکۆ، ژوور، باژێرەوان...تاد)

***کلتوری گشتیی/*** ئەو وشە و دەستەواژانە دەگرێتەوە، کە پەسنی دیاردەیەکی کلتوری ناوچەیەکی دیاریکراو دەکات، لەڕێگەی هۆکارەکانی راگەیاندنەوە برەوپێدەدرێت و زەقدەکرێتەوە، کە ئەمەش بە بەشێکی لاوەکی ناستاندارد دادەنرێت.

***هاوردەکراو/*** بەو وشە و دەستەواژانە دەوترێت، کە بۆ بیرێك بەکاردەهێنرێت و لە زمانی دایکدا وشەیەك نییە بەرامبەری، بەڵکو لە زمانێکی تردا هاتوونەتەئاراوە و گەشەیانکردوە. بڕوانە وشەکانی (فرێند، فۆلۆو، لایك، مەسج، شەیر ...تاد)

***نیشانەی بازرگانی/*** زۆرجار نەو-وشەگەرایی بۆ جیاکردنەوەی بابەتە بازرگانییەکان بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە بەرهەمێك لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە دروستدەکرێت، بۆئەوەی سەرچاوە بنەڕەتییەکە دەستنیشانبکرێت، وشە یان نیشانەیەکی جیاواز بۆ جیاکردنەوەی بەرهەمەکان بەکاردەهێنێرت، ئەمەش لەدوای لەدەستدانی پاڵپشتییە یاساییەکان بۆ هەمان ئەو بەرهەمانە بڕوانە وشەکانی (ئەپڵ،هۆندا،...).

***وشە نالۆژیکییەکان/*** هەموو ئەو لێکسیمانە دەگرێتەوە، کە لە بواری وێژەوانیدا بەتایبەت لە مەودای شیعردا بەرهەمدەهێنرێت، هەروەك (چوکلێتنامەی کار، ژنکوژ، هەڵەبجە چووەوە بۆ بەغا...)

## ٢) پێوەرەکانی نەو-وشەگەرایی لە راگەیاندنی بینراودا

### ١/٢) پێوەرەکانی نەو-وشەگەرایی

یەکێك لەو پرسیارە سەرەکییانەی پەیوەست بە بابەتی نەو-وشەگەراییەوە دەکرێت، چۆنێتی ناسینەوەی وشەی نوێیە، بۆ ئەم مەبەستە زانایانی ئەم بوارە، بەگشتی ئاماژە بە سێ پێوەری بنەڕەتی دەدەن، هەروەك لێڤچینکۆ Levchenco بە سێ خاڵ دیاریدەکات:

1. وشەکە بەتەواوی نوێبێت و پێشتر هیچ بەکارهێنانێکی واتایی نەبووبێت.
2. واتایەکی نوێ بۆ وشەیەکی کۆنی زمان بەکاربهێنرێت، واتە واتایەکی تەواو نوێ بە وشەیەك بدرێت، کە پێشتر لە زمانەکەدا واتایەکی تەواو جیاوازی هەبووبێت.
3. فۆرمێکی نوێ بۆ وشەیەکی هەبووی زمان دروستبکرێت( **Levchenko, 2010, 14).**

بەپێی لێڤچینکۆ هەر وشەیەك کە دەردەبڕێت، پێویستە یەکێك لەم خاڵانە وەك پێوەر ڕەچاوبکرێت، تاکو مۆرکی نەو-وشەگەرایی لێبدرێت.

نەو-وشەگەرایی، یان بە تەواو وشە نوێی دروستکراوە، یان بەهۆی پرۆسەی جیاوازیی وشە-دروستکردنەوە دادەڕێژرێن. لە وشەنامەی ئۆکسفۆردی ئینگلیزیدا وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا بە وشەی نوێ، گوزارشتی نوێ، نوێگەری لە زماندا دادەنرێت، لە ئینسیکلۆپیدیای زمانیشدا بە ئەو وشە، واتای وشە، یان کۆمەڵەوشانە پێناسەکراوە کە لە ماوەیەکی دیاریکراوی زماندا دەردەکەون، یان بەکارهێنانێکی یەکەمجاریان هەیە (وشە بۆنەییەکان) لە دەقێك یان کردەیەکی قسەییدا، هێنانەوەی ئەم پێناسانەش بۆ ئەوەیە کە جەخت لە سێ خاڵ بکەینەوە بۆ ناسینەوەی نەو-وشەگەرایی:

1. وشەیەکی تەواو نوێ،
2. واتایەکی تەواو نوێ لە وشەیەکی کۆندا،
3. زیادکردنێکی نوێ بۆ وشەیەکی هەبوو( V. N. Yartseva, 1999, 179 )

هەر یەك لەم خاڵانەش هاوپێچ بە سێ خاڵەکەی لێڤچینکۆوە جەخت لە پێوەری ناسینەوەی نەووشەگەرایی دەکات کە لەم توێژینەوەیەدا کراوەتە بنەمای جیاکردنەوەی نەو-وشەکان لە زمانی کوردیدا.

### ٢/٢) بنەماکانی نەو-وشەگەرایی لە زمانی کوردیدا

بەراوردکردنی گشتگیری نەو-وشەکان، واتە ئەو وشانەی خاوەنی ناوەڕۆکێکی گونجاون یان لاوەکیین، پەیوەستە بەدیاریکردنی ژمارەو جۆری ئەو فەرهەنگە ستانداردانەی وشەکان لەخۆدەگرن، لەلایەکی تریشەوە ڕێژەی ئەو نەو-وشانەی زانایانی زمان لە راگەیاندنە بینراوە کوردییەکاندا بەرهەمیانهێناوە، بۆ مەبەستی شوێنکەوتنی دیاردەی نەو-وشەگەراییە لە ڕاگەیاندنی بینراوی کوردیدا، ئەمەش لەپێناو بەراوردکردنی بەکارهێنانیان و هەروەها شێوازی راگەیاندنە جیاوازەکانە لەماوەی هاتنەئارای نەو-وشەکان کە ماوەی هاتنەئارای دەماری دەگرێتەوە، لێرەشەوە ڕووندەبێتەوە ئایا وشە نوێکان گونجاون  بخرێنە ریزی نەو-وشەگەراییەوە؟ لەلایەکی تریشەوە کنەکردنی ئەو نەو-وشانەی، هێشتا نەچوونەتە فەرهەنگەوە، جا چ وشەی نوێ بێت یان ئەو وشانەی کە ماوەیەکی زۆرە لە زماندا پەیدابوون.

لەم ڕێگەیەشەوە ڕێککەوتن بۆ دروستکردنی وشەنامەی جیاواز دێتەئاراوە، ئەو ڕێککەوتنانەش بۆ چەند مەبەستێکن، کە بریتین لە: بنەمای کۆمەڵە وشەکان، واتە لەلایەن وشەنامەیەکەوە پشتگیریبکرێت و بهێنرێتەپێشەوە، چونکە وشەنامەکان لەسەر بنەمای داتای کۆمەڵ یان فرە وشەکان بەکاردەهێنرێن، کە وشەی بنەڕەتین لەو وشەنامەیەدا، بۆ نموونە کۆڕی زانیاریی، پاڵپشتی وشەگەلێکی دەکرد_ لەو سەردەمەدا بەشێك لەکاری فەرهەنگی کوردی دەکرد_ و سەرەتایەك بوو بۆ تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەیان.

کۆمەڵەی زانیارییەکان، واتە لەلایەن وشەنامە یان سەرچاوەیەکەوە پشتگیریبکرێت و بهێنرێتەپێشەوە، لەسەر ئەو بنەمایەی لە بنیاتنانیدا پرۆگرامەکانی دەربڕینی پێشتر و وەرگرتنی دەربڕینەکان لە سەرچاوە (زمانی دایك)ی دیکەوە وەردەگرێت، بۆ نموونە راگەیاندنە کوردییەکان پاڵپشت بۆ وشە یان کۆمەڵە وشەیەك دروستدەکەن و دواتر کۆمەڵ بڕیاری لەبارەوە دەدەن.

هاوبەشیکردن، هێنانەپێشەوە و گرنگیپێدانی وشەگەلێکە لەلایەن وشەنامەیەکی گشتگیرەوە، کە ئاخێوەران خۆیان لە چەسپاندن و بەهابەخشین بە وشەکان بەشداردەبن، نمونەی ئەمەش تۆڕی ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە.

بەکارهێنانی زاراوە و وشە نوێیەکان، لە راگەیاندنە کوردییەکاندا، باشترین شێوەی ڕێکارەکانی کۆکردنەوەی کۆمەڵە وشە نوێیەکانە، بۆ پەیبردن لە میانەی بەکارهێنانی داتاکانی وشە هەبوو و خودکارەکانەوە Automated. پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت، کە ئەم ڕێکارو پرۆگرامانە وەك ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵێك داتا پێشکەشدەکرێت، کە پێدەچێت لەداهاتودا پلانی بۆ دابڕێژرێت و ببێتە ئامرازێکی سەرەکی، بۆیە ئەم توێژینەوەیە چوارچێوەیەك بۆ بنەمای داتاکان بە مەبەستی پشکنینی کۆمەڵێك وشەی نوێ لە چوارچێوەی کاتێکی دیاریکراودا، دادەڕێژرێت.

### ٣/٢) راگەیاندنی بینراوو پێوەرەکانی  نەو-وشەگەرایی

مەبەست لە راگەیاندنە بینراوەکان، بەپێی پۆلێنەکەی میشێل، کە یەکێکە لە پۆلێنکارییە نوێیەکان لە بواری راگەیاندندا، سەرجەم ئەو میدیایانە دەگرێتەوە، کە هەستی بینین بەشداری لە وەرگرتنیدا دەکات، هەروەك تۆڕی کۆمەڵایەتی، پۆست، ڤیدیۆ، گرافیك، تەلەفزیۆن ... لەنێو ئەو جۆرانەدا پشتبەستوو بە کەناڵی تەلەفزوێن نموونەی نەوشەگەرایی خراوەتەڕوو، چونکە تەلەفزیۆن دیارترین داهێنانەکانی سەدەی بیستەمە و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە، بەشێوەیەك زۆربەی تاکەکانی خێزان ئارەزویان بەلای ئەم تەکنەلۆژیایەدا دەچێت، تەلەفزیۆنیش بەبەراورد لەگەڵ راگەیاندنەکانی دیکەدا، بەهۆی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و مانگەدەستکردەکان گەشەی زیاتری کردووە، کە لە گواستنەوەی رووداوەکاندا وێنادەکرێت و لە تەواوی سەرزەویدا لەساتەوەختی روودانیاندا راستەوخۆ دەگوێزرێتەوە، سەرەڕای لایەنی خۆشی و کاتبەسەربردنیش هەنگاوێك دەکەوێتە پێش ناوەندەکانی دیکەی راگەیاندنەوە، چونکە تەواوی خەڵك بەخوێندەوار و نەخوێندەوارەوە دەتوانن لێیڕابمێنن، هەروەها سەرچاوەی جیاواز لەپێکهاتە و بنیاتی تەلەفزیۆندا بەشدارە، لەوانە بەشێك لە رۆژنامەنووسی چاپکراو و بەشێك لە رادیۆ و شانۆ و سینەما و... تاد، جیاوازییەکی زۆریشیان لەگەڵ تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکاندا هەیە، بۆ نموونە گەر لە روانگەی زمانەوانییەوە لە جیاوازییەکان وردبینەوە، ئەوا هاوئاست وێنەی جیاوازیی زمانی نەتەوەیی/ستاندارد و زارە ناوخۆییەکانی زمانی کوردی دەبینێرت، یەکێك لە هۆکارەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەناڵە ئاسمانییەکان گشتگیرن و پەیام و شێوازەکانیان لە شوێنە جیاوازەکانی دونیادا دەگاتە تەواوی ئاخێوەرانی زمانی کوردی، بەڵام تەلەفزیۆنە لۆکاڵ/ ناوخۆییەکان، تەنها ناوچەیەکی دیاریکراو دەگرێتەوە، بۆیە بەکارهێنانی زمان لەناوخۆییەکاندا مەودایەکی فراوانتر دەگرێتەوەو ئازادترن، لایەنێکی دیکەی جیاوازی ئەم دوو جۆرە کەناڵە

سەرەڕای لایەنی تیچوونی دارایی، نوێیوونیانە، بەجۆرێك دامەزراندنی کەناڵە ئاسمانییەکان لەباشوری کوردستاندا نوێ و سەردەمیترن، هەربۆیە بەرهەمداریێتی لە تەلەفزوێنە جیهانییەکاندا بەبڕشتترە.

لەڕووی دروستبوون و خاوەندارێی و مێژوویانەوە، نەتەوەی کورد و حوکمڕانی کوردی، لەباشوری کوردستاندا، خاوەندارێی بۆ هیچکام لەکەناڵە ئاسمانییەکانی تەلەفزیۆن نییە، بەڵکو هەر دەستە و حیزبێك پاڵپشتی یەکێك یان زیاتر لە کەناڵێکی ڕاگەیاندن دەکات، ئەمەش وایکردووە کەناڵەکان ببنە زمانحاڵی حیزبەکان و ئاوێنەی بیر و هزری ئەوان بن، ئەمەش لە بەکارهێنانی زمانی کوردیدا ڕەنگدانەوەی دەبێت، لەڕووی مێژوویشەوە کەناڵە ئاسمانییەکان دێرین نین و یەکەم کەناڵی ئاسمانیش (کوردستان تی ڤی)یە، کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە و لەساڵی ١٩٩٩ز دامەزراوە، ساڵێکیش دوای ئەو، واتە ساڵی ٢٠٠٠ز کەناڵی (کوردسات) دامەزراوە، کە زمانحاڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، ئامانجیش لە دامەزراندنی ئەم کەناڵانە پتر لە هەر ئامانجێکی دیکە گەیاندن و ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆجییەتی حزبەکە بووە، بۆ سەلماندنی ئەمەش ئەو وشانەی لە چوارچێوەی ئەو ڕاگەیاندنەدا بەرهەمهاتوون و بەکارهێنراون، مۆرکی حزبی لێدراوە، کە کاریگەریی لەسەر دابەشبوونی فەرهەنگی زمانی کوردی هەبووە، بەجۆرێك چەمکی وشە هاوواتاکان لەڕێگەی ڕاگەیاندنە حزبییەکانەوە فراوانتر کراوەو فیچەری واتایی ئەو حزبەی پێوە لێکێنراوە، ئەمەش وایکردووە وشە هاوواتاکەی دیکە لەلایەن ڕاگەیاندنکارو حزبی و لایەنگرانی ئەو حزبە لە بەکارهێناندا کەم و ناچالاك بکات، بەمەش ئاوەزمەندی و دنیابینیی تاکی کوردیان لەبەرانبەر زمان و بەکارهێنانیدا هەم سنوردارکردووە، هەمیش کاریگەریی لەسەر گۆڕانی ئاوەزمەندێتی تاکی کورد هەبووەو هەیە.

بەپێی تیۆرە نوێیەکانی ڕاگەیاندن، کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندن لەسێ ڕووەوە لەسەر جەماوەر دەردەکەوێت، کە لە مۆدێلێکدا کۆکراونەتەوەو بەشێوەیەکی ڕیزبەندی کار لە تاکەکان دەکەن، هەروەك؛ أ لایەنی درککردن/ مەعریفی- Cognitive، کە لایەنی سەرەکی کاریگەریی ڕاگەیاندنەکانە، چونکە ئەم لایەنە ئەبێتەهۆی وروژاندنی دوو لایەنەکەی تر. ب هەستیاری-Affective، پ ڕەفتاری- Behavioral **(ڕەشاد میران، ٢٠١٦، ٩١)**، ئەم لایەنانەی کاریگەریی ڕاگەیاندنەکان یارمەتیدەری تاك دەبن لە تێگەیشتنی ڕەوشە پێشهاتووەکان بە زمانیشەوە، چونکە زمان لە کردە کۆمەڵایەتییەکان بەدەرنییە، سەرەڕای ئەو تایبەتمەندیانەی لە زمانی ڕاگەیاندندا هەیە، پەیوەست بە نەو-وشەوە ڕۆڵی یەکجار باڵا لە پەرەپێدان و چەسپاندنی ئەم جۆرە وشانە لەهزری ئاخێوەراندا دەبینێت، تا دەگاتە ڕادەی چەسپاندنیان لە فەرهەنگدا. هاتنەئارای نەو-وشەگەرایش پێوەری دیاریکراوی خۆی هەیە، کە بەپێی ئەو پێوەرانە، زمان چالاکییەکانی پۆلێندەکات، لێرەدا گرنگە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بینراو لە بڵاوبوونەوەی نەو-وشەگەرایی بەپێی پێوەرەکان بخرێتەڕوو.

کۆمەڵەوشە، یان وشەی فرێزیPhrasal Words، هەروەها وشە گواستراوەکان بۆ ئاماژەبۆکراوێکی کۆن یان نوێ، ئەکرۆنیمەکان بۆ ئاماژەبۆکراوێکی کۆن یان نوێ، وشەی وەرگیراوو جیهانی، بەپێی ئەم جیاکردنەوەیە ئاماژە بە سێ جۆر لە پێوەر دەکەین، هەروەك پێوەری أ. فۆرمی کۆن و واتای نوێ، ب. فۆرم و واتای نوێ، ت. ئایتمێکی هەبوو بە زیادکردنی فۆرمێك.

### ١-٣/٢) پێوەری فۆرمی کۆن و واتای نوێ

لە بواری نەو-وشەگەراییدا مەبەست لە فۆرمی کۆن، وشە هەبووەکانی زمانە، واتە ئەو وشانەی لە فەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەراندا هەیە و لە وشەنامەکانیشدا تۆمارکراون، بەڵام بەتێپەڕبونی کات واتا کۆنەکەی لەدەستدەدات و هەمان فۆرم دەبێتە هەڵگری چەمك و واتایەکی دیکە. لەم ڕوانگەیەوە گرنگیی فراوانبوونی واتا و فرەواتایی و دواتریش کورتبوونەوە/تەسکبونەوەی واتا دێتەئاراوە، چونکە پرۆسەی هاتنەئارای واتای نوێ، پرۆسەیەکە بەم هەنگاوانە دەستپێدەکات، بۆنمونە فرەواتایی بەهەنگاوی فراوانبونی واتا دەستپێدەکات و دیاردەیەکی گرنگە بۆ چالاکییە زمانییەکان، کە فۆرمی وشەیەك دەبێتە خاوەنی زیاد لەواتایەك، بەمەش زمان لە کەموکورتی فۆرم بەرانبەر بەواتا دەپارێزێت.

لە فراوانبوون و فراوانکردنی واتادا نەو-وشەگەرایی دێتەئاراوە، کاتێك وشەیەك لە واتا و چەمکێکەوە فراوان دەبێت و فیچەری واتایەکی دیکە سەربارەکات **(بڕوانە: دارا حەمید، ٢٠١٠ : (٣٤-٣٧) و (١٢٥-١٢٩)، *ئەو سەرچاوانەش لەوێ بەکارهاتوون*)**، فۆرمی وشەی واتا نوێیەکە بە نەو-وشە ئەژماردەکرێت، پرۆسەی تەسکبوونەوەی واتاش بەسەر ئەو وشانەدا دێن کە فیچەرێکی واتایی لە سەردەم و قۆناغێکی دیکەدا جێگەی خۆیان دەکەنەوە و وردەوردە واتا پێشینەکانیان لەدەستدەدەن، وەك وشەیەکی فەرهەنگی تۆماردەکرێن **(سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی، ٢٠١٩، ١١)**. هەروەها پەیوەست بە فراوانکردن و تەسککردنەوە، ئەو پرۆسە واتاییە پراگماتیکییە دەگرێتەوە کە کۆزانیارییە دنیاییەکە دەبێت بە بەشێك لە ناوەڕۆکی وشەکەو بەو کۆزانیارییە دنیاییەوە، مەبەستە پراگماتیکییەکە دەناسرێتەوە، بێئەوەی فیچەرە سیمانتیکییەکەی لەدەستبدات، هەروەك وشەکانی (ڕەش، گەڵا، بندیوار، پاشەکەوت...تاد) وشەی فەرهەنگیی پراگماتیکین و لە پرۆسەی پەیوەندیولەیەکگەیشتندا بەکاردەهێنرێت، **(Blutner. R., 2009, 90)**.

بەدەرلە ڕێگەی واتایی، ئەم پێوەرەی نەو-وشەگەرایی ئەو لێکسیمانەش دەگرێتەوە، کە لەڕێگەی مۆرفۆلۆژی، یان سینتاکسی زمانەوە دروستدەبن، بەڵام بە مەرجێك ئەو واتایەی بەهۆی هەردوو فۆرمەکەوە لێوەی بەرهەمدەهێنرێت، هەڵگری واتایەکی تەواو نوێ نەك بەشەکی بێت، هەروەك (باژێرەوان، بازنە، ) بە پێوەری فۆرمی کۆن و واتای نوێ هەژماردەکرێت.

### ٢-٣/٢) پێوەری فۆرم و واتای نوێ

ئەم پێوەرە، هەموو لێکسیمە وەرگیراوو سەرجەم لێکسیمە داهێنراوەکانی وەك ئەکرۆنیم و کورتکراوەو ئاوێتەکان دەگرێتەوە، کە بە ڕێگەی داهێنان، یاخود کورتکردنەوەو تێکەڵکردن دروستدەکرێن، بەگشتی لێکسیمە وەرگیراوەکان بەدوو شێوە ئەنجامدەدرێت، أ. لەقاڵبدان/ لەسکەدان، واتە گونجاندن و خستنەژێر رکێفی یەکە زمانییەکان بەپێی یاسا و ئاوەزمەندیی ئاخێوەرانی زمانەکە. لەقاڵبدانیش دوو شێوەی هەیە، ئەوانیش: گواستنەوەی وشە و کۆمەڵە-وشەیە. گواستنەوەی وشە بە سێ ڕێگە ئەنجامدەدرێت، کە هەریەك لە أ. وەرگرتنی دەقاودەق، ب. وەرگرتنی سروشتیانە و پ. وەرگێڕان، دەگرێتەوە، هەرچی کۆمەڵەوشەشە تایبەتمێدێتی زمان و کەلتورەکە ڕۆڵ لە بەرهەمهێنانیدا دەبینن.

وەرگرتن لە زماندا بەکارێکی ئاسایی لەلایەن زمانەوانانەوە ئەژماردەکرێت، چونکە زمان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زمانی دیکەوە، هەروەکو چۆن زمانانی دیکەش دەکەونە ژێر کاریگەری ئەمەوە، ئەمەش بەو هۆیەی زمان دیاردەیەکی مرۆیی و زیندووە، لەڕێگەیەوە مرۆڤ پێویستییەکانی پڕدەکاتەوە، ئەگەر پاشخانی تەواویشی نەبێت بۆ تەواوی پێویستییەکانی، ئەوکات هۆکاری وەرگرتن دێتەئاراوە، یەکێك لە هۆکارەکانی وەرگرتنی وشە لە زمانێکەوە، بریتییەلە جیاوازیی دوو نەتەوەی خاوەن زمان لە ڕۆشنبیری و فەلسەفەو ژیاریاندا، هەرچی ڕۆشنبیریشە بەلایەنی مەعنەوی ژیاریی

دادەنرێت، چونکە زمانحاڵی لایەنە مادییەکەی شارستانییەتە، چەند بنەمایەکیش ڕۆشنبیریی گەلێك دەردەخەن، لەوانە بیر و نەریت و باووڕۆیشتوو و ژینگە...تاد، کە پێشتر لەڕێگەی باڵابوونی وڵاتێکەوە لە رووی سەربازی و داگیرکاری یان ئابورییەوە، ڕۆشنبیریی خۆی بەسەر وڵات و میللەتاندا دەسەپاند، بەڵام لەم سەردەمانەی دواییدا جیهانگیری وایکردووە وەرگرتنی وشەکان لەنێوان زمان و میللەتاندا شێوازێکی نوێتر وەربگرێت و لەڕێگەی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و هۆکارەکانی راگەیاندنەوە، زمانانی جیهان لێکنزیکببنەوە، تەنانەت ئەگەر بەریەککەوتنی راستەوخۆشیان **نەبێت (عثمان ابراهیم یحیی, ٢٠١٨، ٢٥٧- ٢٥٨)**. نموونەی ئەمەش پەیوەست بە زمانەکانی دونیایەوە لە زمانی ئینگلیزیدا بەرجەستەدەبێت، کە دەیان وشەی نوێی خسووەتە کۆمەڵگا زمانییەکانەوە (**بڕوانە:Zhou, 2016, 292-295** ). وەرگرتنی وشە لەژێر کاریگەریی ئەو هۆکارانەی باسکران، شێوازی جۆراوجۆریان هەیە، هەندێکجار وشەکان وەکو خۆیان وەردەگیرێن، بەڵام دەخرێتە ژێر رکێفی فۆنەتیکی زمانی وەرگرەوە، هەندێکجاری دیکەش گۆڕانکاریی بەسەر فۆرمی وشە وەرگیراوەکەدا دێت.

وەرگرتنی دەقاودەق، ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە زمانێکی دیکەوە لە فۆرم و دەربڕینەوە وەکخۆی وەردەگیرێن و مامەڵەی نەو-وشەیان لەگەڵ دەکرێت، بڕوانە وشە وەرگیراوەکان لە خشتەی ژمارە (١). شێوەیەکی دیکەی گواستنەوەی وشە (گۆڕینی جۆری نووسین)ە، واتە ئەو وشانەی لەزمانێکدا بەشێوەیەك دەنووسرێن، لە زمانی وەرگردا شێوەی نوسین و ئاواز و ریتمی دەربڕین و گۆکردنی، لە زمانی دووەمدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت بۆنمونە: (سوپرایز__Surprise ، سپۆنسەر__ Sponser، تۆپستۆری __ top store، داتاdata تاد)، هاوکات بڕوانە خشتەی ژمارە (٢).

شێوەی کۆتایی, سێیەمی گواستنەوەی وشە بریتییەلە (وەرگێڕان)، واتە ئەو فۆرمە-وشانەی لە زمانی کوردیدا بەرامبەریان نییە، پەنابراوەتە بەر وەرگێڕان، بۆنمونە وشەی (بیستۆك لەبەرامبەر وشەی (الساعة)، تۆڕ لەبەرامبەر وشەی (الشبكة)، هەروەها چواچێوەی هاوئاهەنگی لەبەرامبەر (الاطار التنسيقي) وەرگێڕدراون، بەمپێیە سود لە وەرگێڕانی دەقاودەق بینراوە بۆ بەرهەمهێنانی نەو-وشە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٣)

لە نمونە وەرگیراوەکاندا وشەگەلێکمان بەرچاو دەکەوێت، کە لە زمانانی بیانییەوە وەرگیراون، بە هەمان دەربڕین و واتا بەکارهاتوون، سەرەڕای ئەوەی هەندێك لەم وشانە لە زمانی کوردیشدا بەرانبەریان بۆ دانراوە و هەیە، هەروەك لە خشتەی ژمارە (١)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (١)**

| نەو-وشەی وەرگیراو | نەو-وشەو وشەی کوردی |
|---|---|
| پرێس کۆنفراس | گۆنگرەی رۆژنامەوانی |
| کۆمێنت | تێچەن[2] |
| پرەنسیپ | رێسا |
| چەینج کەلەر | رەنگگۆڕین |
| فرێند | هاوڕێی فەیسبوك |
| کافێ | قاوەخانە |
| ریکۆرد | تۆمارکردن |

لە وەرگێڕانی لێکسیمەکاندا وەك لە نموونەی خشتەی ژمارە (١)دا ئاماژەی بۆ کراوە، بەدەر لە فۆرمە فەرهەنگییەکان، کۆزانینی سینتاکسیش رۆڵی بنەمایی لە وەرگێڕانەکەدا هەیە، بۆ نموونە گەر لە لێکسیمی وەرگیراوی (پرێس کۆنفرانس) هەمبەر بە وەرگێڕانە کوردییەکە (کۆنگرەی رۆژنامەوانی) بڕوانین، ئەوا لە زمانی کوردیدا بەپێی سینتاکسی زمانی کوردی سەرسەرەتایە، بەڵام لەزمانی ئینگلیزیدا سەرکۆتایە، واتە دەستوری دارشتنەوەی ئەم فرێزە پێچەوانەی یەکدین، لەبەرئەوە نەك تەنها وشەکان لە جستوجۆی خۆچەسپاندندان، بەڵکو یاساکانی دارشتنیش دەکەونە کێبڕکێ، بۆیە گۆڕانکاری لە ریزبوونی کەرەستەکاندا دەبێتەهۆی گۆڕانکاری لە ئەرکی سینتاکسی کەرەستەکان و هەندێکجاریش لێکدانەوەی واتایی کەرەستەکانیش دەگۆڕێت (**بڕوانە: دکتۆر تالیب حوسێن عەلی، ٢٠١٤، ٢٦٦، هەروەها د. ئومێد بەرزان**).

هەروەها هەریەك لە وشەکانی (/پرەنسیپ/ بنەما، /چەینج کەلەر/ رەنگگۆڕین، /فرێند/ هاوڕێی فەیسبوك، /کافێ/ قاوەخانە، /ریکۆرد/ تۆمارکردن)، لە زمانی کوردیدا بەرانبەریان هەیە، بەڵام وشە وەرگیراوەکانیش بەکاردەهێنرێن، ئەمەش وادەکات وشەکان لە کێبڕکێی یەکتر سڕینەوەدابن بەجۆرێك ئەگەری جێگیربوونی نەو-وشەکە بە زمانی خۆماڵی بەهێزترە لە نەو-وشە وەرگیراوەکە، کە دەکرێت لە بارودۆخێکی جیازتردا ئەم ئەگەرە پێچەوانە ببێتەوەو بەهۆیەوە مۆنۆپۆلی زمانی رووبدات.

هەندێك لێکسیمی نوێ، بەهۆی مۆرفیمی بەندی سینتاکسی (ی) خستنەسەر بەشێوەی فرێزی دەخەری دروستکراوە، بەشێوەیەك بەشێکی فرێزەکە وشەیەکی بیانی وەرگیراوە و بەشەکەی دیکەی فرێزەکە وشەیەکی کوردییە، یاخود بەشە پێکهێنەرەکانی فرێزەکە لە دوو زمانی جیاوازەوە وەرگیراون، کە ئەمەش بۆ چەسپاندنی وشە وەرگیراوەکە بەشێوەیەکی خێراتر ڕێگەخۆشکەر دەبێت، چونکە خراونەتە چواچێوەی بەکارهێنانی سینتاکسییەوە، هەروەك (بۆمبی چێنراو، پشتێنی بۆمبڕێژکراو، مایکی ئازاد، میدیای سێبەر، ژووری ئۆپەراسیۆن)، بۆ نموونە وشەی بۆمب کە خواستراوە لە فرێزی (بۆمبی چێنراو – پشتێنی بۆمبڕێژکراو) بەشێوەیەك تێکەڵی سینتاکسی زمانی کوردی بووە، کە جیاکردنەوەیان لای ئاخێوەر ئەستەم بێت و خەسڵەتی کۆمەڵە وشە لە پێکەوە بەستنەوەی هەردوو فۆرمەکەدا بەدیکرێت، هەروەك لە (مایکی ئازاد، میدیای سێبەر، کۆمپانیای وەهمی، کۆمپانیای حیزبی، مافیاکانی حیزب، هەیمەنەی حیزبی)یشدا رەچاودەکرێت.

لەلایەکی تریشەوە تاك-وشەیی، کە لەڕێگەی وەرگرتنی سروشتییەوە خواستراون، رێژەیەکی زیاتریان هەیە لەو جۆرە فرێزانەی، کە لەڕووی فۆرمەوە فرێزین و لەڕووی واتاییەوە پتر کۆمەڵە وشەیین، بڕوانە خشتەی (٢).

**خشتەی ژمارە (٢)**

| نەو-وشە | فۆرم و دەربڕینی بنەڕەتی |
|---|---|
| ئایدۆلۆژی | ideology / ī-dē-ˈä-lə-jē / |
| سەتەلایت | Satellite /sadl, īt/ |
| سۆپەرمارکێت | Supermarket / so͞opərˌmärkət / |
| داتا | Data / dadə / |
| لێزەر | Laser /lāzər/ |
| ڤیتامین | Vitamin /vīdəmən/ |
| کۆلێژ | College /kälij/ |
| پەڕلەمان | Parliament /pärləmənt/ |
| پاسپۆرت | Passport /pasˌpôrt/ |

بەمپێیە وەرگرتنی سروشتی، بەشێکی سەرەکی پرۆسەی وەرگێڕانە، کە زمان لەڕێگەیەوە پاشخانی خۆی زیاددەکات و بەرانبەر بۆ بیر و داهێنانە جیهانییەکان

دادەڕێژێت، بەڵام ئەم ڕێگەیە بەبێ یاسا و ڕێسا نییە، چونکە ئەگەر لەڕێگەی وەرگێڕانەوە (وشەبەوشە-Literal Translation) یاسا زمانییەکانی زمانێکی دیکە دزە بکەنە ناو زمانەوە، ئەوکات بەتێپەڕبوونی کات ژەهری زمانی دروستدەبێت و زمان بەرەو لەناوچوون دەبات (**سۆزان سەعدوڵلا عەبدولغەنی، ٢٠١٩، ٤٠**)، دیارە ئەمەش لە وەرگێڕانی ڕستە و فرێزەکاندا دەردەکەوێت، نەك لە وەرگێڕانی وشەدا. بۆخستنەڕووی نموونە وەرگیراوەکان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە و دیاریکردنی ڕێژەی بەبەرهەمییان بڕوانە خشتەی (٣).

**خشتەی ژمارە (٣)**

| نەو-وشە | وەرگرتنی دەقاودەق -١- | وەرگرتنی سروشتیانە -٢- | وەرگێڕان -٣- | | ڕێژەی سەدی | | | ڕێژەی سەدی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | وشە أ | فرەوشە ب | ١ | ٢ | ٣ | أ | ب |
| بازاڕی کار | - | - | √ | - | - | - | 1 | 1 | - |
| بانگەشە | - | - | √ | - | - | - | 1 | 1 | - |
| بایکۆت | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| بودجە | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| بۆمبی چێنراو | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| بیستۆك | - | - | √ | - | - | - | 1 | 1 | - |
| پ.د | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| پ.د.ك | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| پارێزبەند | - | - | √ | - | - | - | 1 | 1 | - |
| پاکێج | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| پرۆسیجەر | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| پریس کۆنفراس | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| پرەنسیپ | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| پشتێنی بۆمبڕێژکراو | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| پۆرتاڵ | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| پێکوتە | - | - | √ | - | - | - | 1 | 1 | - |
| پەڕلەمان | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| پەساپۆرت | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| پەکەکە | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| پەیامنێر | - | - | - | √ | - | - | 1 | - | 1 |
| تویت | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| تویتەر | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| تۆپستۆری | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| تۆڕ | - | - | √ | - | - | - | 1 | 1 | - |
| تێچەن | - | - | √ | - | - | - | 1 | 1 | - |
| چوارچێوەی هاوئاهەنگی | - | - | √ | - | - | - | 1 | 1 | - |
| چێژبڕکێ | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| چەینج کەلەر | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| حسك | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| حکومەت | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| خاوەن پێداویستی تایبەت | - | - | - | √ | - | - | 1 | - | 1 |
| خۆپیشاندان | - | - | - | √ | - | - | 1 | - | 1 |
| د. | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| داتا | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| داعش | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| دایباب | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| میدیای سێبەر | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| دەوڵەت | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| ڕۆڤار | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| ڕیستۆرانت | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| ڕیکۆرد | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| ژوری ئۆپەراسیۆن | - | - | √ | - | - | - | 1 | 1 | - |
| ژێکاف | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| سپۆنسەر | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| سوپرایز | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| سۆپەرمارکێت | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| سیاسەت | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| سەتەلایت | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| شاند | - | - | √ | - | - | - | 1 | 1 | - |
| شۆو | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| شەیر | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| ع.ع. شەونم | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| فرێند | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| فۆڵۆ | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| فەیسبوك | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| ڤاریز | - | - | √ | - | - | - | 1 | 1 | - |
| ڤایبەر | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| ڤی تی | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| ڤیتامین | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| ڤیستیڤاڵ | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| ڤیو | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| کاژێر | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| کافێ | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| کاندید | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| کۆبونەوە | - | - | √ | - | - | - | 1 | 1 | - |
| کۆلێژ | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| کۆمپانیای حزبی | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| کۆمپانیای وەهمی | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| کۆمپیوتێت | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| کۆمێنت | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| کۆنفراس | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی | - | - | √ | - | - | - | 1 | 1 | - |
| کێشبڕکێ | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| کەم ئەندام | - | - | - | √ | - | - | 1 | - | 1 |
| گڵۆپی سەوز | - | - | √ | - | - | - | 1 | 1 | - |
| لایف میوسیك | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لایك | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| لێزەر | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| لیژنە | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| مافیاکانی حزب | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| مایکی ئازاد | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| مینی مارکێت | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| مەسنجەر | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| نابیست | - | - | √ | - | - | - | 1 | 1 | - |
| نابینا | - | - | √ | - | - | - | 1 | 1 | - |
| هاڕەیکرد | - | - | - | √ | - | - | 1 | - | 1 |
| هایپەر مارکێت | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| هەلیکار | - | - | √ | - | - | - | 1 | 1 | - |
| هەیمەنەی حزبی | - | √ | - | - | - | 1 | - | - | - |
| ی.ن.ك | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| ئایدۆلۆژیا | _ | √ | - | _ | - | ١ | - | ١ | - |
| یوتوب | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| ئینیستاگرام | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| FB | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| GK | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| K24 | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| KTV | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| ناسا | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| NRT | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| رادار | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| وێبینار | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| یوتوبەر | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| ئەنیمەیشن | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| ئەنیمەیتەر | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| کەلەر | √ | - | - | - | 1 | - | - | - | - |
| 206 وشە | | | | | | | | | |

جگە لە گواستنەوەی وشەش جۆرێکی دیکەی لەسکەدان/ لەقاڵبدان کۆمەڵە وشە/ گرێیە، هەندێك لەو گرێیانەی لە زماندا لەڕێگەی سینتاکسەوە دروستدەبن، وەکو لێکسیم لێیان دەڕوانرێت، واتە دەکرێت دوای ماوەیەکی گونجاو لە جێخۆشکردنی ئەم گرێیانە وەکو لێکسیم لە فەرهەنگی زماندا تۆماربکرێن، بۆنموونە: (سەرای ئازادی، میدیای سێبەر، بازاڕی کار، ئیشی ڕەش، ...تاد)، وەك یەکەیەکی لێکسیی مامەڵەی لەگەڵدەکرێت.

بەپێی ئەو داتایەی لە خشتەکەدا خراوەتەڕوو، لە کۆی (١٠٥) وشە، ئەو نەو-وشانەی بە ڕێبازی وەرگرتنی دەقاودەق بەرهەمهێنراون، بە ڕێژەی55،23% کە هەمبەر بە هەردوو ڕێژەکەی دیکەیە، بەجۆرێك ڕێبازی وەرگرتنی سروشتیانە تەنها لە23،80% و ڕێبازی وەرگێڕان بەرێژەی20،97% تۆمارکراوە، لە پەیڕەوکردنی ڕێبازی وەرگێڕانیشدا وەرگێڕانی وشەیی بە ڕێژەی77،27% و وەرگێڕانی فرە- وشەیی بە ڕێژەی 22،72% هاتووە، ئەمەش دەرخەری ئەو بنەما زانستییەیە کە وەرگێڕانی وشەیی پتر مەیلی جێگیربوون و بوون بە یەکەیەکی فەرهەنگی هەیە بەراورد بە وەرگێڕانی فرە-وشەیی، بەمەش ئەگەری فراوانبوونی فەرهەنگی زمانی کوردی ئەگەرێکی بەهێزە، بەڵام لەبەرئەوەی زۆرینەی وشەکان بە وەرگرتنی دەقاودەق نەك سروشتیانە ئەنجامدراوە، بۆیە ئەگەرە بەهێزەکە لەوەدایە کە زمانی کوردی لە داهاتوودا ببێتە زمانێکی پاشکۆیی.

## ٣-٣/٢) زیادکردنێکی نوێ لە وشەیەکی هەبوودا

ئەگەرچی لە دوو چەشنە پێوەرەکەی دیکەدا، هەڵگواستن و لێکدان بە چەشنی فۆرمی کۆن و واتای نوێ ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام لێکۆڵەر سەرجەم ئەو وشانەی، کە بە هەردوو میکانیزم و یاسا و ڕێسا مۆرفۆلۆژییەکانی هەڵگواستن و لێکدان دروستکراون و بەرهەمهێنراون، بە پێوەری زیادکردنێکی نوێ لە وشەیەکی هەبوودا، ئاماژەی بۆ دەکات، بەڵگەی زانستیش بۆ ئەم جیاکردنەوەیە، فۆرمە هەبووەکانە، کە بەهۆیەوە فۆرمێکی نوێ و خاوەن واتای نوێ بەرهەمدەهێنرێت، بەڵام فۆرمی کۆدتێکەڵکردن بەهۆی ئەوەی کە یەکێك لە فۆرمە هەبووەکان، فۆرمێکی هەبووی کوردی نییە، بەم چەشنە هەژمارناکرێت، بەڵکو لە چەشنی فۆرمی نوێ و واتای نوێ دادەنرێت. بۆ دیاریکردنی هەرسێ پێوەری نەو-وشەگەرایی لە نموونە وەرگیراوەکانی ڕاگەیاندنە بینراوەکاندا و ڕێژەی بەبەرهەمبیان بڕوانە خشتەی (٤).

**خشتەی ژمارە (٤ )**

| نەو-وشە | پێوەری فۆرمی کۆن و واتای نوێ -١- | پێوەری فۆرم و واتای نوێ -٢- | زیادکردنێکی نوێ بۆ وشەیەکی هەبوو -٣- | ڕێژەی سەدی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ١ | ٢ | ٣ |
| ئارتیکڵ | - | √ | - | | 1 | |
| ئافرەت | √ | - | - | 1 | | |
| ئالانگاری | √ | - | - | 1 | | |
| ئایدۆلۆژی | - | √ | - | | 1 | |
| یوتوب | - | √ | - | | 1 | |
| ئەنیمەیتەر | - | √ | - | | 1 | |
| ئەنیمەیشن | - | √ | - | | 1 | |
| باژێڕەوان | - | - | √ | | | |
| بانگێشت | √ | - | - | 1 | | |
| بانگەشە | √ | - | - | 1 | | |
| باوکی شەهیدان | √ | - | - | 1 | | |
| بایکۆت | - | √ | - | | 1 | |
| بتکوین | - | √ | - | | 1 | |
| بلەز | √ | - | - | 1 | | |
| بندیوار | √ | - | - | 1 | | |
| بنکە | √ | - | - | 1 | | |
| بنکەوان | - | - | √ | | | 1 |
| بنەوشە | √ | - | - | 1 | | |
| بودجە | - | √ | - | | 1 | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بوکەڵە | √ | - | - | 1 | | |
| بوڵتەچی | - | √ | - | | 1 | |
| بۆمبی چێنراو | - | √ | - | | 1 | |
| بێژەر | - | √ | - | | 1 | |
| بیستۆك | - | √ | - | | 1 | |
| بەپەلە | √ | - | - | 1 | | |
| بەرێژێر | - | √ | - | | 1 | |
| بەرپرسیلکە | - | - | √ | | | 1 |
| بەرسف | √ | - | - | 1 | | |
| بەشەکی | - | - | √ | | | 1 |
| پ.د.ك | - | √ | - | | 1 | |
| پ.ی | - | √ | - | | 1 | |
| پاریزبەندی | - | √ | - | | 1 | |
| پاکەوان | - | - | √ | | | 1 |
| پاکەوانی | - | - | √ | | | 1 |
| پاکێج | - | √ | - | | 1 | |
| پانۆراما | - | √ | - | | 1 | |
| پرساندن | - | √ | - | | 1 | |
| پرۆپارتی | - | √ | - | | 1 | |
| پرۆژەیاسا | - | - | √ | | | 1 |
| پرۆسیجەر | - | √ | - | | 1 | |
| پرێس کۆنفرانس | - | √ | - | | 1 | |
| پشتێنی بۆمبرێژکراو | √ | - | - | 1 | | |
| پوچگەرا | - | - | √ | | | 1 |
| پۆرتاڵ | - | √ | - | | 1 | |
| پێکوتە | √ | - | - | 1 | | |
| پەترۆدۆلار | - | √ | - | | 1 | |
| پەرلەمان | - | √ | - | | 1 | |
| پەرلەمانتار | - | √ | - | | 1 | |
| پەساپۆرت | - | √ | - | | 1 | |
| پەکەکە | - | √ | - | | 1 | |
| پەیامنێر | - | √ | - | | 1 | |
| پەیجەوان | - | | √ | | | 1 |
| تایتڵ | - | √ | - | | 1 | |
| توندئاژۆ | √ | - | - | 1 | | |
| تویت | - | √ | - | | 1 | |
| تویتەر | - | √ | - | | 1 | |
| تۆپ ستۆری | - | √ | - | | 1 | |
| تۆپخانە | - | - | √ | | | 1 |
| تۆپخانەکەی گۆڕان | √ | - | - | 1 | | |
| تۆڕ | √ | - | - | 1 | | |
| تێچێن | √ | - | - | 1 | | |
| تیم | - | √ | - | | 1 | |
| جڤات | √ | - | - | 1 | | |
| جەلالیزم | - | - | √ | | | 1 |
| چاوبەچاو | √ | - | - | 1 | | |
| چاوگ | √ | - | - | 1 | | |
| چوارچێوەی هاوئاهەنگی | - | √ | - | | 1 | |
| چێژبرکێ | - | √ | - | | 1 | |
| چەپکەگوڵ | √ | - | - | 1 | | |
| چەپگەرا | - | - | √ | | | 1 |
| چەینج کەلەر | - | √ | - | | 1 | |
| حزب حزبێنە | - | - | √ | | | 1 |
| حسك | - | √ | - | | 1 | |
| حکومەت | - | √ | - | | 1 | |
| خاوەن پێداویستی تایبەت | √ | - | - | 1 | | |
| خوشکان | √ | - | - | 1 | | |
| خوێندکار | √ | - | - | 1 | | |
| خۆپیشاندان | - | √ | - | | 1 | |
| خۆسەرپی | √ | - | - | 1 | | |
| خێڵەکی | - | - | √ | | | 1 |
| د. /دکتۆر | - | √ | - | | 1 | |
| داباڕین | - | - | √ | | | 1 |
| داتا | - | √ | - | | 1 | |
| داعش | - | √ | - | | 1 | |
| دایباب | - | √ | - | | 1 | |
| دایکوباوك | - | | √ | | | 1 |
| دراوی ئەلیکترۆنی | - | √ | - | | 1 | |
| درۆ و دراو | √ | - | - | 1 | | |
| دەرکراوەکان | - | - | √ | | | 1 |
| دەرەکی | √ | - | - | 1 | | |
| دەوڵەت | - | √ | - | | 1 | |
| دەوڵەتمەدار | - | - | √ | | | 1 |
| ڕادار | - | √ | - | | 1 | |
| رایەڵە | √ | - | - | 1 | | |
| رۆژەڤ | √ | - | - | 1 | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆڤار | - | √ | - | | 1 | |
| ریستۆرانت | - | √ | - | | 1 | |
| ریکۆرد | - | √ | - | | 1 | |
| ڕێکخراوی سێبەر | - | √ | - | | 1 | |
| رەوانشاد | - | √ | - | | 1 | |
| زۆنی زەرد | - | √ | - | | 1 | |
| زۆنی سەوز | - | √ | - | | 1 | |
| زۆنی نیلی | - | √ | - | | 1 | |
| زەرد | √ | - | - | 1 | | |
| ژن | √ | - | - | 1 | | |
| ژنەبەرپرس | - | - | √ | | | 1 |
| ژنەمەسول | - | √ | - | | 1 | |
| ژوری داخراو | √ | - | - | 1 | | |
| ژوری ئۆپەراسیۆن | - | √ | - | | 1 | |
| ژوور | √ | - | - | 1 | | |
| ژێرزەمین | √ | - | - | 1 | | |
| ژێکاف | - | √ | - | | 1 | |
| ژینگەپارێز | - | - | √ | | | 1 |
| ژەمەڤاکسین | - | √ | - | | 1 | |
| سازان | √ | - | - | 1 | | |
| سازاندن | - | - | √ | | | 1 |
| سپۆنسەر | - | √ | - | | 1 | |
| سپیکردنەوە | - | - | √ | | | 1 |
| سوپرایز | - | √ | - | | 1 | |
| سۆپەر مارکیت | - | √ | - | | 1 | |
| سیاسەت | - | √ | - | | 1 | |
| سیاسەتمەدار | - | √ | - | | 1 | |
| سێرچکردن | - | √ | - | | 1 | |
| سەتەلایت | - | √ | - | | 1 | |
| سەرای ئازادی | √ | - | - | 1 | | |
| سەرۆکی ماوە بەسەرچوو | √ | - | - | 1 | | |
| سەوز | √ | - | - | 1 | | |
| شاند | - | √ | - | 1 | | |
| شۆو | - | √ | - | | 1 | |
| شێرەنووستووەکە | √ | - | - | 1 | | |
| شیوعییزم | - | √ | - | | 1 | |
| شەبیر | - | √ | - | | 1 | |
| عێراقچی | - | - | √ | | | 1 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| عەقڵ گەرا | - | - | √ | | | 1 |
| فرێند | - | √ | - | | 1 | |
| فۆلۆ | - | √ | - | | 1 | |
| فەرمانبەری بندیوار | √ | - | - | 1 | | |
| فەیسبوک | - | √ | - | | 1 | |
| فەیسبوکەوان | - | - | √ | | | 1 |
| ڤاریز | √ | - | - | 1 | | |
| ڤاییەر | - | √ | - | | 1 | |
| ڤی تی | - | √ | - | | 1 | |
| ڤیتامین | - | √ | - | | 1 | |
| ڤیستیڤاڵ | - | √ | - | | 1 | |
| ڤیو | - | √ | - | | 1 | |
| قاوەیی | √ | - | - | 1 | | |
| قوتابی | √ | - | - | 1 | | |
| قورچك | √ | - | - | 1 | | |
| قەیران | √ | - | - | 1 | | |
| کاربەڕێکەر | √ | - | - | 1 | | |
| کافێ | - | √ | - | | 1 | |
| کاندید | - | √ | - | | 1 | |
| کودەتاچی | - | - | √ | | | 1 |
| کورتەباڵا | - | - | √ | | | 1 |
| کوڕەبەرپرس | - | - | √ | | | 1 |
| کوڕەمەسول | - | - | √ | | | 1 |
| کۆبوونەوە | - | - | √ | | | 1 |
| کۆڕبەند | - | √ | - | | 1 | |
| کۆڕبەند | - | √ | - | | 1 | |
| کۆلێژ | - | √ | - | | 1 | |
| کۆمپیوتێت | - | √ | - | | 1 | |
| کۆمێنت | - | √ | - | | 1 | |
| کۆنفراس | - | √ | - | | 1 | |
| کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی | - | √ | - | | 1 | |
| کێشبڕکێ | - | - | √ | | 1 | |
| کەلەر | - | √ | - | | 1 | |
| کەمئەندام | - | - | √ | | 1 | |
| کاژێر | - | √ | | | 1 | |
| کوڕۆژ | - | - | √ | | | 1 |
| کۆمپانیای حزبی | - | √ | - | | 1 | |
| کۆمپانیای وەهمی | - | √ | - | | 1 | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گردەکە | - | - | √ | | | 1 |
| گشتپرسی | - | - | √ | | | 1 |
| گڵۆپی سەوز | - | √ | - | | 1 | |
| گەرماوگەرم | - | - | √ | | | 1 |
| گەرمەهەواڵ | - | - | √ | | | 1 |
| گەندەڵستان | - | - | √ | | | 1 |
| گەندەڵی | - | - | √ | | | 1 |
| گەنمەسول | - | √ | - | | 1 | |
| لایف میوسیك | - | √ | - | | 1 | |
| لایك | - | √ | | | 1 | |
| لێبڕین | √ | - | - | 1 | | |
| لێدزین | - | - | √ | | | 1 |
| لێزەر | - | √ | - | | 1 | |
| لیژنە | - | √ | - | | 1 | |
| مافیاکانی حیزب | - | √ | - | | 1 | |
| مایکاپ ئارتیست | - | √ | - | | 1 | |
| مایکی ئازاد | - | √- | - | | 1 | |
| مۆلگە | √ | - | - | 1 | | |
| میدیای زەرد | - | √ | - | | 1 | |
| میدیای سێبەر | - | √ | - | | 1 | |
| مینی مارکێت | - | √ | - | | 1 | |
| میوانداری | √ | - | - | 1 | | |
| مەسنجەر | - | √ | - | | 1 | |
| مەکۆ | √ | - | - | 1 | | |
| نابیست | - | √ | - | | 1 | |
| نابینا | - | √ | - | | 1 | |
| نابەرپرس | - | - | √ | | | 1 |
| نازدار | √ | - | - | 1 | | |
| ناسا | - | √ | - | | 1 | |
| ناڤینی ڕۆژ | √ | - | - | 1 | | |
| نانبڕاو | - | - | √ | | | 1 |
| نها | √ | - | - | 1 | | |
| نوسراودان | - | - | √ | | | 1 |
| نوێبوونەوە | - | - | √ | | | 1 |
| نۆڕین | √ | - | - | 1 | | |
| نیشتیمان سازی | - | - | √ | | | 1 |
| نیلی | √ | - | - | 1 | | |
| نیوڕۆژ | - | - | √ | | | 1 |
| نەوشیروانیزم | - | √ | - | | 1 | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هات | √ | - | - | 1 | | |
| هاندان | √ | - | - | 1 | | |
| هاوژین | - | - | √ | | | 1 |
| هاوسەرۆك | - | - | √ | | | 1 |
| هاونیشتمانی | - | - | √ | | | 1 |
| هاوئاوازەکانی | - | - | √ | | | 1 |
| هاوێنە | - | √ | - | 1 | | |
| هایپەر مارکێت | - | √ | - | | 1 | |
| هێڵی سوور | - | √ | - | | 1 | |
| هێڵی گەرم | - | √- | - | | 1 | |
| هەشتی تەموز | √ | - | - | 1 | | |
| هەڤپەیڤین | - | - | √ | | | 1 |
| هەلی کار | √ | - | - | 1 | | |
| هەندەکی | - | - | √ | | | 1 |
| هەیمەنەی حزبی | - | √ | - | | 1 | |
| وچان/ ناوبڕ | √ | - | - | 1 | | |
| وردەبەرپرس | - | - | √ | | | 1 |
| وردەسەرکردە | - | - | √ | | | 1 |
| وشەدان | - | - | √ | | | 1 |
| وێبینار | - | √ | - | | 1 | |
| وێزگە | √ | - | - | 1 | | |
| وێزگەوان | - | - | √ | | | 1 |
| وەزارەت | - | √ | - | | 1 | |
| وەفد | - | √ | - | | 1 | |
| ی.ن.ك | - | √ | - | | 1 | |
| یوتوبەر | - | √ | - | | 1 | |
| یەکە | - | √ | - | | 1 | |
| G.K | - | √ | - | | 1 | |
| K24 | - | √ | - | | 1 | |
| KTV | - | √ | - | | 1 | |
| NRT | - | √ | - | | 1 | |

بە پێی ئەو داتایەی لە خشتەی ژمارە (٤)دا خراوەتەڕوو، زۆرترین ڕێژەی پێوەر لەنێوان هەرسێ پێوەری أ. فۆرمی کۆن و واتای نوێ، ب. فۆرم و واتای نوێ، هەروەها ت. زیادکردن بۆ فۆرمێکی هەبوو، زۆرترین ڕێژە بۆ پێوەری فۆرم و واتای نوێ بەڕێژەی 50،59% تۆمارکراوە، دواتر پێوەری فۆرمی کۆن و واتای نوێ بە ڕێژەی 27،49% ، هەروەها زیادکردنێکی نوێ بۆ فۆرمێکی هەبوو بە ڕێژەی21،91% تۆمارکراوە، ئەگەرچی زۆرترین ڕێژەی پێوەرەکان بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بریتییەلە فۆرم و واتای نوێ، بەڵام هۆکاری سەرەکی بۆ ڕێبازی وەرگرتن و وەرگێڕان دەگەڕێتەوە، نەك میکانیزمی (داهێنان) کە تەنها بە ڕێژەی8،76% لە

هاتنەئارای نەووشەدا هاتووە، ئەمەش دەرخەری ئەو راستییە زانستییەیە کە میدیاکاران رۆڵی کارایان لە هێنانەناوەوەی وشەی بیانیدا هەیەو هەمبەر بەوەش کەمترین رۆڵیان لە دروستکردنی وشەی نوێ بە میکانیزمی هەڵگواستن و لێکدان و چالاککردنەوەی فۆرمە کۆنەکان و سەربارکردنی واتای نوێ هەیە.

## ئەنجام

بەپێی خستنەڕووی تیۆری و شیکردنەوەی داتاکان، پێوەری نەو-وشەگەرایی لە زمانی کوردیدا لەسەر ئاستی چۆنێتی و چەندێتی دوو ئەنجام لەخۆدەگرێت، بەجۆرێك أ. لەسەر ئاستی چەندێتی کە کۆکراوەی (٢٥١) نەو-وشە کە لە هەریەك لە کەناڵە بینراوەکانی کوردسات، ئین ئارِ تی، رووداو، سپێدە، تێبینیکراوە، رێژەی پێوەری فۆرمی کۆن و واتای نوێ بریتییەلە (27،49%) و پێوەری زیادکردنێك بۆ وشەیەکی هەبوو بەرِێژەی (21،91%)ـە، ئەم دوو رێژەیەش هەمبەر بە پێوەری فۆرمی نوێ و واتای نوێیە، کە رێژەکەی (50،59%)ی پێوەری نەو-وشەگەرایی توێژینەوەکەیە، هۆکاری زۆرترین رێژەی فۆرم و واتای نوێ بۆ میکانیزمی گواستنەوەی وشە بە شێوازی وەرگرتن و وەرگێڕان دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك وەرگرتنی سروشتیانە رێژەی (23،80%) و بە رێبازی وەرگێڕان (20،95%)ـە لەبەرانبەر وەرگرتنی دەقاودەقدا، کە رێژەکەی(55،23%)ـە، ئەمەش لەکۆی (105)نەو-وشە بەدەستهاتووە، بەمپێیە رێژەی گشتی پێوەری فۆرم و واتای نوێ تەنها بە پشتبەستن بە رێبازی وەرگرتن و وەرگێڕان بە رێژەی 41،83% کە بەرامبەر هەرسێ پێوەرەکەیە، کە بەرێژەی 4،49% تۆمارکراوە، بەجۆرێك لەنێو پێوەری فۆرم و واتای نوێشدا تەنها لە 8،76% ە، ئەمەش لەسەر ئاستی چۆنێتی، هەیمەنەی خواستی هاتنەئارای وشەی نوێ بەپێی پێوەری (فۆرم و واتای نوێ)یە، کە ئەنجامی دووەمی لێدەکەوێتەوە، ب. پەیوەست بە ئەنجامی خاڵی (أ)ەوە، زۆرترین فۆم و واتا نوێیەکان بە میکانیزمی گواستنەوە هەروەك وەرگرتن و وەرگێڕان بەرهەمهێنراون، کە کاریگەریی لەسەر پارادیگمای بیرکردنەوەی کورد دەبێت، چونکە لە رێگەی زمانەوە بەگشتی پێشکەوتنە کەلتوریی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئەوروپی و ئەمریکی بۆ زمانی مەبەست دەگوێزرێتەوە، بەتایبەت وەرگرتنی دەقاودەق کە بەرِێژەی (55،23%) زۆرترین کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد دەبێت، لەلایەکی دیکەشەوە و لە رێگەی فۆنەتیك و ئەکسێنتی زمانی سەرچاوەوە، هۆکارێك دەبێت بۆ پاوانکردنی فەرهەنگی کوردی، بەچەشنێك بەتەنها کۆزانینی دنیایی دەرەوەی کورد پەیکاڵ بە کۆزانینی زمانی کوردی نابێت، بەڵکو دەربڕین و گۆکردنی فەرهەنگی زمانی بیانی دەبێتە بەشێك لە ئاوەزمەندێتی ئاخێوەرانی کورد و دوورکەوتنەوە لە تایبەتمەندێتی فۆنۆلۆژی زمانی کوردی.

## پەراوێزەکان

1- زاراوەی فەرهەنگ لەڕووی ئیتمۆلۆژییەوە وشەیەکی کوردی کۆنە و لە "فرەهەنگ"ەوە وەرگیراوە، "فرە" لە زمانی کوردیدا بەمانای "زۆروزەبەنگ"دێت. "هەنگ" و "سەنگ" بەمانای "گرانی" و "نرخ" و "برِ" (مقدار) دێت.(**میدیا موراد. 2009 :6**)، بەدەرلەمە چەند زاراوەیەکی تر جگەلە فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێت، کە نوسەرانی کورد تا ئێستا رێکنەکەوتون لەسەر یەکێك لەو زاراوانە، وەك (قاموس، فەرهەنگۆك، وشەنامە)، کە هەرنوسەرێك بەبڕواو بۆچوونی خۆی، یاخود نائاگاییانە هەریەك لەم زاراوانە بەکاردەهێنێت. ئەمەش تەنها لەزمانی کوردیدا کێشە نییە، بەڵکو لە زمانی عەرەبیشدا (معجم، قاموس، فهرست)، هەروەها لە زماتی ئینگلیزیشدا زاراوەکانی (Vocabulary, Lexicon, Glossary Dictionary ,) بەکاردەهێنرێت. (هەمانسەرچاوە)، بەڵام پێویستە ئەوەشمان لا ئاشکرابێت، کە زاراوەی"فەرهەنگ" لەزمانی کوردیدا لەهەمویان گشتگیرترە.

2-تەنها تەلەفزیۆنی رِوداو ئەم وشەیە بەکار دەهێنێت.

## سەرچاوەکان


### بەزمانی کوردی:

رِەشاد میران،2016، سۆسیۆلۆگیای رِاگەیاندن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رِۆژهەڵات، هەولێر.

دارا حەمید محەمەد، 2010، واتاسازی هەندێ لایەن لە سیمانتیك و پراگماتیکی کوردی، چاپەمەنی ژیر، سلێمانی.

تاڵیب حوس ێن عەلی، 2014، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی رِۆژهەڵات، هەولێر.

محەمەد مەعروف فەتاح، 1990، زمانەوانی، هەولێر.

مەعروف قەرەداغی، 1972، فەرهەنگی کشتوکاڵ.

ئەورِەحمانی حاجی مارف، 1979، رِێزمانی کوردی، ناو، بەغدا.

ئەورِەحمانی حاجی مارف،1975، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

### بەزمانی عەرەبی:

احمد مختار عمر، 1982، علم الدلالة، کویت.

ستیڤن اولمان، 1997، دور الکلمه في اللغة، ترجمة د. کمال محمد بشیر، مصر.

ف.ر. بالمر، 1985، علم الدلالة، ترجمة مجید عبدالحلیم الماشطة، بغداد.

### نامەی ئەکادیمی:

1- سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی، 2019، وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نوسیندا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

2- میدیا موراد محمد امین، 2009، دابەشبونی کرداری لێکدراو لە رووی دارِشتن و ئەرکەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

### گۆڤار:

1- عثمان ابراهیم یحیی, 2018، الاحتکاك اللغوي، ودوره في الاقتراض الالفاظ العربیة، وتکیفها في اللغة، مجلة الدراسات اللغویة والادبیة، مجلد 19 (1) سودان.

2- ئومێد بەرزان برزو، 2016، پلانی زمانی و ئاسایشی زمانی نەتەوەیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(50) ئایاری ، بەشی.B.

### بەزمانی ئینگلیزی:

Bauer, L. 2002. English word-formation. Cambridge: Cambridge University Press.

Cabre, T. 1999. Terminology: Theory, methods and applications. Amsterdam: John, Benjamin publishing Company.

Cabré, M. Teresa et al. 2004. La lexicografia i la identificació automatitzada de neologia lèxica. In Battaner, Paz, Janet.

Cabré, M. Teresa. 2015. La neologia: un nou camp a la cerca de la seva consolidació científica. Caplletra 59, pp. Bauer, L. (1996).

Carroll, D. W. 2000. Psychology of Language (5th ed.), University of Wisconsin-Superior, Beijing, Foreign Language Teaching and Research.

Choi, J. 2006. Interpreting neologisms used in Kores's rapidly changing society. Meta.

Gui, S.-C. 2000. Psycholinguistics (New Edition). Shanghai: Shanghai Foreign Language Education Press.

Vigliocco, G., & Hartsuiker, R. J. 2005 . Maximal input and feedback in production and comprehension. In A. Cutler (Ed.), Twenty-first century psycholinguistics: Four cornerstones (pp. 209–228). Mahwah, NJ:Erlbaum.

Newmark, P. 1988. A textbook of translation. Hertfordshire: Prentice HallPutra, Journal of Linguistics.

Rahma Abd Al-Rahman Naji Kmail, 2016, The Translatability of English Social Media Neologisms into Arabic, An-Najah National University, Nablus, Palestine.

Rey, Alain. 1976. Le néologisme: un pseudo-concept? Cahiers de Lexicologie 28. English word-formation. Cambridge: Cambridge University Press.

Rey, A. 1995. Essay on terminology. Trans. and Ed. Juan C. Sager. Amsterdam: John,Benjamin Publishing.

Saja Abdul Ameer Hadi, 2019, The Significance of Political Neologisms, Wasit University, مجلة كلية تربية،جزء الثاني، كانون الثاني.

Sapir, E. 1949. Selected writings of Edward Sapir in language, culture, and personality, Mendelbaum, D.G. (Ed). Berkeley and Los Angeles: University

Whorf, B. L. 1974. The relation of habitual thought and behavior to language. In Language, Culture, and Society, Blount, B.G. (Ed.). Cambridge, MA: Winthrop Publishers.

Yaroslav Levchenko, Neologism in the lexical system of modern English: On the mass media material Kindle Edition, 2010, Germany.

Zhou, L. 2016 . Neologism in news English. Sino-US English teaching, of California Press.

**پێگەی ئەلیکترۆنی:**

https://files.eric.ed.gov/fulltext/EJ1075455.pdff